# حیکایەتی ڕەشپۆشەکان

کۆمەڵە چیرۆک

دانا فایەق

2008

ناو کتێب: حیکایەتی ڕەشپۆشەکان

نووسەر: دانا فایەق

بابەت: کۆمەڵە چیرۆك

مۆنتاژ: خالید محەمەد

بەرگ: نەرمین مستەفا

تیراژ: 750

نرخ: 1000 دینار

ژمارەی سپاردن: 656ی 2008

چاپ: چاپخانەی سەردەم

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

کوردستان-سلێمانی

## پێڕست


★تەرمێك لەوبەر تەلە دڕكاوییەكانەوە 5
★یاسای قەفەزە بچكۆلەكان 13
★نهێنییەكان ئەودیوو وێنەكەی ژەنەڕاڵ 23
★شەوی نەنووسینەوەی حیكایەتەكان 33
★فرمێسكەكانی پاش مەرگی باوكم 49
★بەرەو ماڵێك لە ئاو 59
★دوا خەونی ئیسماعیل 69
★بۆگەنی سەیرانگەكەی شار 81
★گەڕانەوە بۆ خەونەكان 89

# تەرمێك لەوبەر تەلە دڕكاوییەكانەوە

(خودایە.. چ  دەبوو ئەگەر لە جیاتی سێ لەسەر چواری زەوی، چوار لەسەر چواری ئاو بووایە؟!. یان چ دەبوو ئەگەر ژیانی مرۆڤەکانیش وەکو ماسی لەنێو ئاودا بووایە؟!). ئەمە قسەی هەموو جارێکی ئەو هاوڕێیەم بوو کە لەکاتێکدا دەیویست خۆی فێری مەلەکردن بکات.. خنکا.

هاوڕێکەم دەیگوت: (هەر ئەوەندەی فێری مەلەکردن بووم، ئیدی هەرگیزاو هەرگیز جارێکی دی پێ نانێمەوە بە وشکانیدا، چونکە مرۆڤ تەنها لەنێو ئاودا هەست بە ئازادیو نەمانی سنوورەکان دەکات..).

من پێشتر پێکەنینم بە هەموو ئەو قسانە دەهات کە هاوڕێکەم دەیکردن، هەر بۆیە هەموو جارێك بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامیم

دەدایــەوە. گــەلێك جــار لەســەر ئــەو قەشمەرییانــە هاوڕێکــەم لــێم تووڕەدەبــوو، دڵــی لــێم دەڕەنجــا، بــەڵام دوای ماوەیــەکی کــەم پاشــگەز دەبووەوەو ئاشتی دەکردمەوە.

کاتێــك چــووم بــۆ هێنانــەوەی تــەرمی براکــەم، لەبــەردەمی تەلــە دڕکاوییەکانــدا رێگــەم پــێ گــیراو نەیانهێــشت تاکــە هــەنگاوێکی تــر لــە تەرمی براکەم نزیك ببمەوە، کە چەند هەنگاوێك دوای ئاودیوبوونی لە تەلە دڕکاوییەکان کوژرابوو، ئەوسا هەستم بە گرنگیو گەورەیی قسەکانی هاوڕێکەم کرد.

ئــەو کاتــەی گەیــشتمە نزیــك تــەرمی براکــەم، چــەند ســەگێکی نیــشتمانی ئــەودیوو لــە چــواردەوری تەرمەکــەی بــوونو هەریەکــەیان لــەلای خۆیــەوە ددانــی لــە بەشــێکی تەرمەکــە گیرکردبــوو. بــێ ئــەوەی گرنگــی بــدەن بــە بــوونی کەســێك یــان ترســیان لــە بــرای ئــەو نێــچیرە هەبێت، کە بێ بەزەییانە ددانیان لە گۆشتەکەی گیرکردبوو، بەردەوام دەگــەڕان بــۆ بــەتامترینو نــەرمترین شــوێنی تەرمەکــە. دوو ســەگ لــە خــوارەوە کرتــەکرتی ددانــەکانیان دەهــاتو خــەریکی داکرمانــدنو وردکردنی ئێسقانەکانی قاچی براکەم بوون. سەرەڕۆیی ئەو قاچانە گەلێك جار لەگەڵ براکەمدا دەیدایین بە شەڕ. هەردووکمان منداڵبووین، دایکم جێگای خەوتنی منو براکەمی بەتەنیشت یەکترەوە رادەخست، هەموو جارێك ئەو قاچانە لە سنووری جێگاکەی خۆیان دەترازانو دەهاتنە سەر جێگاکەی من، ئیدی لەگەڵ براکەمدا لێمان دەبوو بە شەڕو بەردەبووینە گیانی یەکتری.

خـوێنێکی خەسـت لـە زامـەکانی تـەرمی براکەمـەوە دەهاتـە دەرێو جۆگەلەیــەکی بــاریکی دروســتکردبوو، دەتگــوت ڕەشمــارە لــە نێــوان بەردەکانـدا جێگـای بـۆ خـۆی دەکـردەوەو لـە تەلـە دڕکاوییـەکان نزیـك دەبووەوە.

ئاگـام لێبـوو هەڵۆیـەك بـێ ئـەوەی گـوێ بـە مەترسـیی بەزانـدنی سنوور بدات، لە تـەرمی براکـەم نزیـك بـووەوەو چـڕنوکی لـە جگـەری گیرکردو لەگەڵ خۆیدا بردی.

هاوڕێکەم دوای ئەوەی لـە هـەوڵی پەیـداکردنی بـاڵ بێهیوابـوو، بـە خەمبارییەوە دەیگوت: (مـرۆڤ ئەگـەر خـاوەنی مـەزنترین سـەرمایەش بێـت، هێـشتا ئاسوودە نابێـت، چـونکە وەکـو هـەڵۆ دوو بـاڵی نییـە بـۆ فـڕین!.. دوو بـاڵی نییـە بـۆ ئـەوەی ئارەزووەکـانی دڵـی پـێ جێبـەجێ بکات!..).

سەگەکان بەردەوام بوون لە ونجڕونجڕکردنی تەرمی براکەم، خوێن بــە دەمو کەلبەکانییانــدا دەهاتــە خــوارێ، بــەڵام تــا ئــەو کاتــە هــیچ یەکێکیان لە سەرو دەموچاوی نزیك نەبووبوونەوە. چاوەکانی براکـەم زەق زەق لــــە منیــــان دەڕوانــــیو زەردەخەنەیــــەکی ســــیحراویش سەرلێوەکانییان دەگیرکردبوو. هەستم دەکرد دەیان ڕستە لە ژێـر ئـەو زەردەخەنەیەدا خۆیان حەشارداوە.

پێدەچوو براکەم بە خۆشحاڵییەوە بڵێت: (ئیدی بێخـەمم، چـونکە لە دواجاردا تـوانیم ئـەو قەڵایـەش ببـەزێنم، کـە زۆربـەی خـەڵکی بـە ترسەوە لێی دەڕوانن..) یان دوور نەبوو بڵێـت: (جـوانترین مـردن ئـەو مردنەیە کە لەپێناوی باوەڕەکـانی خۆتـدا پێـی دەگـەیت..). پێدەچوو

بە من بڵێت: (تۆش فریاکەوە لەپێناوی باوەڕەکانتدا بمرە!..)، بەڵام من هەر زوو ئەو رستەیەم لەبیر خۆم بردەوەو بە هێواشی بە خۆمم گوت: نا.. بڕوا ناکەم ئەو قسەیەی هەر لە خەیاڵیشدا بووبێت، بەڵام رەنگە بە شادییەوە گوتبێتی: (ئێستا من لەو ژیانەدا دەژیم کە باوکم هەمیشە خەونی پێوە دەبینی‌و بەردەوام خۆزگەی پێ دەخواست. ئێستا بە درێژایی ساڵ، بێ ئەوەی گوێ بە جیاوازیی وەرزەکان بدەم، دوور لە چوارچێوەی ژوورەکان دەخەوم..). باوکم گەلێك جار دەیویست ململانێ لەگەڵ وەرزەکاندا بکات، بەڵام هەموو جارێك بە تێکشکاوییەوە دەیگوت: (ئێمە دەبێت تەنانەت پابەند بین بەو سنوورانەشەوە، کە وەرزەکانی ساڵ دیارییان کردووە بۆمان. من حەزدەکەم لە چلەی زستانیشدا دوور لە چوارچێوەی ژوورەکان بخەوم، چونکە مرۆڤ لە دەرەوەی ژوورەکان کەمتر هەست بە بوونی ئەو چوارچێوانە دەکات کە بۆی دەستنیشان کراوە، کەچی زستان هەموو جارێك هەڕەشەکەی خۆی دەڵێتەوەو هاوار دەکات: ئەگەر جیاوازی لە نێوان من‌و وەرزەکانی دیکەدا نەکەن، دڵنیابن رەقتان دەکەمەوە!..).

ئەو دوو سەگەی لە خوارەوە خەریکی وردکردنی ئێسقانەکانی قاچی براکەم بوون، وردە وردە بەرەو لای سەری ملیان نا. بێ ئەوەی سەگەکانی تر رێگەیان پێ بگرن، دەستیان کرد بە پچڕین‌و خواردنی لووت‌و گوێچکەو گۆشتی دەموچاوی براکەم. هێندە شارەزایانەو زیرەکانە ددانەکانیان لە کەللەسەرو دەموچاوی گیردەکرد، مرۆڤ بە سەرنجدانێکی کورت هەرزوو هەستی دەکرد ئەوە کاری بەردەوامی ئەو سەگانەیە. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بچوکترین نەرمایيان بە

کەللەسەری براکەمەوە نەهێشت، سەگەکانی دیکەش ماوەیەك بوو دەستیان کردبوو بە وردکردنی ئێسقانەکانی تری جەستەی براکەم.

ئەو کاتەی جۆگەلەی خوێنی تەرمی براکەم لە ژێر تەلە دڕکاوییەکانەوە گەیشتە نزیکی پێڵاوەکانم، سەگەکان لە وردکردنی ئێسقانەکان بووبوونەوەو خەریکی جێهێشتنی تەرمی براکەم بوون، هەر لەو کاتەشدا رەشەبایەك هەڵیکردو هەموو تاڵە مووەکانی قژی براکەمی لەگەڵ خۆیدا راپێچ کرد.

براکەم بەر لەوەی بۆ دواجار لە دەروازەی ماڵەوە بێتە دەرێو دوا ماڵئاوایی بکا، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە رووی تێکردمو بە دەنگێکی خەمبارەوە گوتی: (من تەنها خۆزگە بە -با- دەخوازم!، چونکە بێ ئەوەی قاچی هەبێت، بە ئارەزووی خۆی دەگەڕێو بەبێ ترسو سڵەمینەوە سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکا..!).

وا تەمەنێکە بەدیار وردە ئێسقانەکانی تەرمی براکەمەوە دانیشتوومو چاوەڕێی نەمانی تەلە دڕکاوییەکان دەکەم، چونکە یەکەم رۆژ کە هاتم بۆ بردنەوەی تەرمەکە، سەربازێك لەوبەری تەلبەندەکەوە هاواری لێ کردم: (چاوەڕوان بە.. هەر کاتێك تەلە دڕکاوییەکان پیرۆزییان لە دەست دا، ئەوسا بە ئاسانی دەتوانی تەرمی براکەت لەگەڵ خۆتدا ببەیتەوە).

# یاسای قەفەزە بچکۆلەکان

هــەر کاتێــك بــەو ڕەنگــە زەردو بێهێزییــەوە لــەناو جێگەکەیــدا دەیبینــم، ڕاســتەوخۆ ئــەو ســاتانەم بیردەکەوێتــەوە کــە پێکــەوە لــە بەیانییــەوە تــا درەنگانی شــەو یــاری و شەڕەشــەقمان دەکــردو کۆڵانــەو کۆڵان یەکتریمان ڕاودەناو خەڵکمان بێزارو هەراسان دەکرد. شووشەمان لەسەر ڕێی خەڵك وردوخاش دەکرد، لە گەرمای نیـوەڕۆی هاوینـدا لـە جەڕەسی ماڵانمان دەداو ڕامان دەکرد، دارلاستیکی تەلمان دەنا بە قاچی رووتــی کــچە تــەنوورە لەپێکانــەوە، شــەقمان لــە تەنەکــەی خــۆڵی بەردەرگای ماڵان هەڵدەداو پیسییەکەی ناویمان بلاّودەکردەوە...

مــن هــەرگیز نەمدەویــست دڵــی بــڕەنجێنم و هــەر کاتێــك داوای بکردایە لەگەڵیدا دەچووم بۆ کۆڵان و خۆلـەخۆڵوەردان. بـەیانیان زوو لـە خـەو بـەئاگای دەهێنامـەوەو دەیگوت: (جارێ زووە بـۆ نـانخواردن،

کـەمێك دەچـینە کـۆڵان یـاری دەکـەین و دواتـر دێینـەوە نانەکـەمان دەخۆین). بەو گەرمایەی نیوەڕۆی هاوین نەیدەهێشت کەمێك بخـەوم، کۆڵانەو کـۆڵان دوای خـۆی دەخـستم. شـەوان هێـشتا بـە تـەواوی تێـرم نەدەخوارد، بە ئاماژە تێی دەگەیاندم (کاتی کۆڵانە!..).

ئەگەرچـی گـەلێکجار لـە کـاتی یـاریکردن و شەڕەشـەقدا چـینێکی باشـی تێهەڵـدەدام و دەیگریانـدم، بـەڵام مـن بـەردەوام ئـەوەم لەبەرچـاوبوو، کـە ئـەو باوکمـەو لێـدانیش بـە دەسـتی بـاوك شـتێکی ئاساییە، هەر نـەبێ لـە گەڕەکەکـەی ئێمـەدا!.. جگـە لـەوەیش زۆرجـار بـۆی گێڕابوومـەوەو دەمزانـی کـە ئـەو لـە ترسـی بـاوکی بـە منـداڵی هەرگیز نەیوێرابوو بچێتە ناو منالانی گەڕەك و یارییان لەگەڵدا بکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکو نەیتوانیبوو زۆر شتی تـریش بکـات.. (پێکـەنین بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە قەدەغـە بـوو، قـسەکردن بـە دەنگـی بـەرز قەدەغە بوو، پرسیارکردن قەدەغەبوو، گۆرانیوتن کوفر بوو ئەگەر بـە دەنگی نزمیش بوایە، پاڵکەوتن یان قاچڕاکێشان لەبەرچاوی ئـەودا لـە گوناهـە گـەورەکان بـوو!... ئینجا چـی قەدەغـە نـەبوو؟!..) بـاوکم وای دەگوت. ئەو باسی یەکـەمین ڕۆژی چـوون بـۆ قوتابخانـەی خـۆیی بـۆم دەگێڕایــەوە، ئەوکاتــەی بــۆ یەکــەمین جــار لــە تەمەنیــدا کتێبــی وەرگرتــووەو بەوپــەڕی شــادییەوە گەڕاوەتــەوە مــاڵێ، ئــەو ڕۆژە لــە خۆشـیی کتێبـەکانی ئاگـای لـە نـانخواردنیش نـەماوە، بـەردەوام ریـزی کـردوون و ئەمـدیوو و ئـەودیووی پـێ کـردوون، تەنانـەت بـیری ئـەو

بڕگەیەشی نەماوە لە یاسای ماڵی خۆیاندا، کە (پاڵکەوتن یان قاچڕاکێشان گەورەترین تاوان و بێئەدەبییەو سزای توندی لە دوایە).. ئەو دەیگوت: (بە دەما پاڵکەوتبووم و هەردوو قاچم لە دواوە بەرزکردبوونەوە، کتێبی ئەلف و بێی کوردی-م لەبەردەمی خۆم دانابوو و سەیری وێنەکانی ناویم دەکرد، حەزم دەکرد یەکێك بوومایە لە کەسەکانی ناو وێنەکان! لەناکاو هەستم بە ئازارێکی داچڵەکێنەر کرد لە بنی پێم.. ئازارێك مرۆڤ لە درێژەی تەمەنیدا کەمجار رووبەڕووی دەبێتەوە، لەگەڵ ئازارەکەدا بۆنکرووز لووتمی پڕکرد، بۆنێك تا ئێستاش هەست بە بوونی دەکەم لە لووتمدا!.. لەگەڵ ئازارو بۆنکرووزەکەدا بە پەلە ئاوڕم دایەوە، باوکم لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو و تا جگەرەکەی دەستی بە ژێری پێم نەکوژایەوە دەستی هەڵنەگرت. وابزانم جگەرەکە تا سەرئێسقان بە بنی پێمدا چووبووە خوارێ، بۆیە لە رۆژی دووهەمدا نەمتوانی بچم بۆ قوتابخانە..). لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەکی ئەم بەسەرهاتەدا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: (باوکم چەند گوناهبووە بە منداڵی..!)و قۆناغ بە قۆناغ رووداوەکەم دەهێنایە بەرچاوی خۆم، بەڵام هەموو جارێك لەگەڵ بیستنی وشەی (بۆنکرووز)دا ئەو رۆژەم بیردەکەوتەوە، کە باوکم وتی: (با بڕۆین.. ئەمڕۆ رۆژی سزادانی بۆقەکانە!..). پێکەوە بەرەو زەلکاوەکەی دەروازەی شار رۆیشتین و دەستمان کرد بە راوە بۆق، ژمارەیەکی زۆر بۆقمان راو کرد. من زیاتر بە دوای بۆقە گەورەکاندا دەگەڕام و

خۆشەویستییەکی شاراوەم هەبوو بۆ بۆقە چکۆلەکان، بەڵام باوکم گوێی بە بچووکی و گەورەییان نەدەدا. وابزانم هەندێك لە بۆقەکان هەستییان بە تراژیدیای مەرگی خۆیان کردبوو لە چەند ساتێکی تردا، خۆیان مت کردبوو و جوڵەیان لە خۆیان بڕیبوو. دواتر دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی دارو چیلکەو کردنەوەی ئاگر، ئاگرێك لەو ئاگرانەی دۆزەخ بە بیری خەڵك دەهێننەوە. باوکم دانە دانە بۆقی لە توورەکەکەی دەستی دەردەهێناو بەر لەوەی فرێیان بداتە ناو دۆزەخەکەوە، تەنها قاچێکی دەگرتن و بە بەرزی لەسەر ئاگرەکە رایدەگرتن!. بۆقەکان خۆیان رادەپسکاندو دەیانویست لە دەستی باوکم هەڵبێن، لە ترسا میزیان دەکرد بە باوکمداو دەنگێکی سەیریان لێوە دەهات، دەنگێك لە هەموو شتێك دەچوو، جگە لە قیڕەی بۆق!. بۆقەکان زوو زوو چاویان دادەخست و لە چاویاندا هەست بە بێگوناهییەکی زەق دەکرا، دواتر باوکم دەستی شل دەکردو بۆقەکان بەردەبوونەوە ناو ئاگرەکە. بۆقەکان لە جێی خۆیان هەڵدەبەزیینەوەو دەکەوتنەوە ناو ئاگرەکە، ئێمەیش لە جێی خۆمان هەڵدەبەزیینەوەو پڕ بە گەرووماان پێدەکەنیین و کەیفمان بەو یارییە خۆشە دەهات!.. بۆقەکان وردە وردە لەناو ئاگرەکەدا دەئاوسان و پاشان دەتەقین، لینجییەکی سەوز لە شوێنی تەقینەکەیان دەهاتە دەرێ و دیمەنێکی دروست دەکرد، زیاتر لە تابلۆی شێوەکارێکی تازەکار دەچوو. بەر لە جێهێشتنی ئەو شوێنە، باوکم توورەکەکەی هەڵگرت، سەیرێکی منی

کـــردو وتـــی: (ئیـــشمان پێـــی دەبێـــت!). ئـــەو راســـتی کـــرد (رۆژی تۆڵەکردنەوە لە پشیلە) هەمان توورەکە بەکار هاتەوە. جێبەجێکردنی ئەم چالاکییەیان زۆرتر لەسەر شانی باوکم بوو. ئەو خـۆی پـشیلەکەی گـرت و خـستییە نـاو توورەکەکـەوە، خـۆی تەنافەکـەی حەوشـەی پـچڕاندو کـردی بـە دوو پارچـەوە، پارچـەیەکیانی بەسـت بـە کلکـی پشیلەکەوەو پارچەکەی تری لە ملی توند کرد، هەر خۆیـشی سـەرێکی تەنافەکـەی بەسـت بـە عەموودەکـەوەو سـەرەکەی تـری بـە دەعـامیی سەیارە وەستاوەکەوە گرێ دا. دواتـر لـە دوورەوە وەسـتاین و چاوەڕێی گەڕانـەوەی سایەقەکەمان دەکـرد، چاوەڕێی یەکـەمین سـلف و یەکـەم جووڵەی سەیارەکە بووین. من چارەنووسی رەشی پـشیلەکەم دەهێنایـە پێش چـاوی خـۆم. پـشیلەکە زەردێکـی تـووکن بـوو، بـەبێ شـەرمکردن هەنـدێکجار لـە درزی ژێـر دەرگـای حەوشـەوە دەهاتـە ژووریّ و جـاری وایش هەبوو بە دیوارەکەدا هەڵـدەزناو تـا ژوورەوە نەدەوەسـتا. ئەگـەر کـەمێك خـاوێن رابگیرایـەو جارجارێـك بـشۆرایە، زیـاتر لـەو پـشیلانە دەچوو کە لـە ئـەوروپا خـەڵکی لەگـەڵ خۆیانـدا دەیانخـەوێنن. لەگـەڵ جووڵـــەی ســـەیارەکەدا زریکەیـــەکی تۆقێنـــەر هـــەردوو گوێـــچکەمی قـەپاتکرد، زریکەیـەك زیـاتر لـە زریکـەی سـاوایەك دەچـوو لـە کـاتی سووتانی پەنجـەی دەسـتیدا، زریکەیـەك وابـزانم لـە دوورتـرین شـوێنی دونیـاوە بیـسترا. دواتـر تـەنها لـەتێك کلکـی قرتـاوم بـینی بـەو پارچـە تەنافەوە، کە بە عەموودەکەوە بەسترابوو، لەگەڵ پەڵەیەك خوێن. من

نەمتوانی زیاتر سەیری پەڵە خوێنەکە بکەم و بۆ یەکەمین جار لە بینینی خوێن تۆقیم. باوکم لەبەرخۆیەوە گوتی: (شایەنی ئەو بەڵایەیە.. پەلاماری مریشك و جوجەڵە دەدەیت؟!.. دەبخۆ دەردت بێ، ئەوە چارەنووستە!..). رۆژی دادگایی مریشکەکە چەند جارێك ئەو قسەیەیم بەبیرهاتەوە، هەستم بە بێگوناهیی پشیلەکەو تاوانباریی خۆمان دەکرد. (رۆژی دادگاییکردنی مریشك) باوکم منی بەرزکردەوە بۆ سەر دیواری ماڵی دراوسێکەمان و تێی گەیاندم کامە مریشکەیان بهێنم بۆ دادگاییکردن. مریشکەکەم لەناو کولانەکە دەرهێناو بە پەلە هەڵم دایە حەوشەی ماڵی خۆمان. هەتا من بەسەر دیوارەکەدا خۆم هەڵدایەوە ئەودیوو، باوکم مریشکەکەی بردبووە ژووری و رێوڕەسمی دادگاییکردنی ئامادەکردبوو. دەتگوت مرۆڤێکی تاوانبار دادگایی دەکات، قۆناغ بە قۆناغ دادگاییەکەی دەبڕی!. باوکم دەیگوت: (بە چاوی خۆم بینیم، کەڵەشێرێك بەسەریدا فسی و دواتر ئامادەبوو بۆ کەڵەشێرەکانی تر!، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بێباکانە دەوەستێ بۆ کەڵەشێری ماڵەکانی تریش!.. بۆیە هەقی لەسێدارەدانی هەیە!...). باوکم خۆی شایەت بوو، هەر خۆیشی دادوەرو بڕیاردەر! لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بڕیاری لەسێدارەدانی داو خێرا بڕیارەکە پەسەندکرا، من هەروا دانیشتبووم و ئامادەبوویەکی بە زەوقی ئەو دادگاییە سەیرو کۆمیدییە بووم. دواى پەسەندکردنی بڕیاری لەسێدارەدان، جارێکیتر پەنا برایەوە بەر تەناقی حەوشەکەو بە پەلە پەتی سێدارە بە شیشی

پانکەی سەقفی ژوورەکەوە هەڵخراو ملی مریشکە بێئابڕووەکەی پێوە کرا!.. مریشکەکە هەڵبەزو دابەزی دەکردو لینگەفرتەی هەڵهاتنی بوو لە مەرگ، ئێمەیش سەیرمان دەکردو قاقا پێدەکەنیین، هەندێجار نووزەیەك لە مریشکەکەوە دەهات، کە زیاتر لە پاڕانەوە دەچوو، نووزەکە هەر زوو لەناو تریقانەوەی ئێمەدا ون دەبوو. ئەو کاتەی مریشکەکە لە جووڵەو پاڕانەوە کەوت، ئێمەیش لە پێکەنین کەوتین و بێدەنگ بووین.

حیکایەتەکانی تۆڵەو خوێن و دادگاییکردن گەلێك زۆرن، نازانم باوکم کامیانی لە زاکیرەدا ماوەو چەندیانی بیرچووەتەوە. ئەو ئێستا رەنگ زەردو بێهێز لەناو جێدا کەوتووەو توانای هیچی نەماوە. من کوڕەکەمم بەدیارییەوە داناوەو بۆی نییە بچێتە کۆڵان، یاری و شەڕەشەق بکات. دەبێ بەردەوام ئاگاداری باپیری بێت و خزمەتی بکات، ئەو باپیرەی هەر جارێك بەو رەنگە زەردو بێهێزییەوە دەیبینم، راستەوخۆ ئەو بیرەوەرییانەو چەندین بیرەوەریی ترم بیردەکەوێتەوە!.

*ئەم چیرۆکە لە یانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشرا.

# نهێنییەکان ئەودیوو وێنەکەی ژەنەڕاڵ

چەند کاژێرێك دواى بوونى بە سەرۆك، ژەنەڕاڵ هەموو خەڵكى وڵاتى ئاگاداركردەوە، كە (لە ماڵو دوكانەكان.. لە فەرمانگەو كارگەكان.. لە مزگەوتو قوتابخانەو سەرجەم شوێنە گشتييەكانى ترى وڵاتدا، دەبێ وێنەى سەرۆك بە شوێنى شياوەوە هەڵبواسرێ..). ئەمە يەكەم بڕيارى ژەنەڕاڵ بوو دواى بوونى بە سەرۆك. سەرەتا كەس گوێى بە بڕيارەكە نەداو كەسيش باسى لە جێبەجێكردن يان نەكردنى بڕيارەكە نەكرد، چونكە زۆربەى خەڵكى وڵات پێيان وابوو ئەم بڕيارەش وەكو سەرجەم بڕيارەكانى ترى سەرۆكەكانى پێشوو بۆ ماوەيەك باسى دەكرێو پاشان پشتگوێ دەخرێو لە بير دەچێتەوە، بەڵام دواى ئەوەى سەرۆك سووربوو لەسەر جێبەجێبوونى بڕيارەكەو سزاى توونديشى بۆ سەرپێچيكاران زياد كرد، ئيدى تاكە تاكە دەست كرا بە هەڵواسينى وێنەى سەرۆك.

نـازانم بۆچـی هێنـده حـەزم بـە بـوونی وێنـەی سـەرۆك دەكـرد لـە ماڵەكەماندا، هەر بۆیە گەلێك جار باوكمم هانـدەداو زۆرم لێـی دەكـرد كە هەوڵی پەیداكردنی وێنەیەكی سەرۆك بداو لە ماڵەوە هەڵیواسین.. بەڵام باوكم بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، هەموو جارێـك بـە مۆڕەیـەك‌و چاوزەقكردنەوەیەك بێدەنگی دەكردم.

لەو كاتەوەی بڕیارەكە دەرچووبوو هیچ كەسێك زاتی نەكردبوو بە ئاشـكرا نـاڕەزایی لـە دژی دەربـڕێ، تـا ئـەو كاتـەی چـەند مەلایـەكی كەللـەڕەق بڕیارەكـەیان بـە حـەرام‌و پێـچەوانەی شـەرع لەقەڵـەم داو دەنگی ناڕەزاییان لە دژی بـەرزكردەوە. ئـەو مەلایانـە دەیـانگووت: (لـە هـەر شـوێنێك وێنـەی مـرۆڤ هـەبێت، مەلائیكەتـەكانی خـوا روو لـەو شوێنە ناكەن..).

پـاش ئـەوەی سـەرۆك بڕیـاری لەسـێدارەدانی ئـەو مەلایانـەی ڕاگەیانـدو بڕیارەكـەش بـە بەرچـاوی خەڵكـەوە بەسـەر هەنـدێكیان جێبـەجێ كـرا، ئیـدی مـەلاكانی تـر هـەرزوو لـە قـسەكەیان پاشگەزبوونەوەو لەگەڵ كۆمەڵێك مەلای تردا رایانگەیاند: (هەڵواسینی وێنەی سەرۆك نەك حەرام‌و پێچەوانەی شەرع نییـە، بـەڵكو ئـەركێكی دینیی پیرۆزیشە!..). هـەروەها دەیـانگووت: (نـەك تـەنها لـە نـاو مـاڵ‌و شـوێنەكانی كـاركردن‌و شـوێنە گـشتییەكان، بـەڵكو پێویـستە هـەر هەمووومان یەكی وێنەیەكی سەرۆك بە بەرۆكمانەوە هەڵواسین!..).

دوای لەسێدارەدانی مەلا کەللەڕەقەکان، ئیدی خەڵکەکە بە جۆرێك کەوتنە پەلەکردنو پەیداکردنی وێنەی سەرۆك، دەتگووت سەرۆك بە خۆیو تەورێکەوە بەسەر سەریانەوە راوەستاوە، هەر کەسێك بە زووترین کات وێنەی دەست نەکەوێت سەری لە لەشی جیادەکاتەوە.

ئەو ئێوارەیە باوکمم بینی بە وێنەیەکی ژەنەڕاڵەوە گەڕایەوە، خۆشترین سات و رۆژ بوو لە تەمەنمدا، بۆیە خێرا بەرەوپیرییەوە چوومو بەخێرهاتنەوەم لێی کرد. یەکەمین جاربوو لە ژیانمدا هێندە بە گەرمی پێشوازیی لێ بکەم، بەر لە هەر شتێك وێنەکەم لە دەستی وەرگرتو بە خۆشحاڵییەوە لە رەنگی قژو برۆ و شێوەی دەموچاو و سمێڵی ژەنەڕاڵ وردبوومەوە. بەلامەوە گرنگ نەبوو باوکم بە چ کوێرەوەرییەك ئەو وێنەیەی پەیدا کردبوو، بەڵکو پێبڕانی شەرەفی هەڵواسینی وێنەی ژەنەڕاڵ لە ماڵەکەماندا گرنگترین شت بوو بەلامەوە.

باوکم دەیویست وێنەکە لە ژووری میوان یان لە ژووری دانیشتنی خۆمان هەڵبواسرێ، بەڵام من گەلێك لەبەری پاڕامەوەو داوام لێی کرد کە لە ژوورەکەی من هەڵیواسین.. بەڵێنیشم پێی دا بە زووترین کات لە چوارچێوەی بگرمو سڕینەوەو پاککردنەوەی هەموو رۆژێکیشی لە ئەستۆی خۆم بێت. دوای هەوڵێکی زۆر هەرچۆنێك بوو باوکمم رازی کرد، وێنەکەم هەڵگرتو بەرەو ژوورەکەی خۆم ملم نا. تا چرکەیەك زووتر وێنەکەم هەڵبواسییایە هێندە زووتر دڵخۆشو ئاسوودە دەبووم،

بۆیە بڕیارم دا وێنەی منداڵە کەمانچەژەنەکە کە پێشتر هاوڕێیەکی خۆشەویستم بە بۆنەیساڵڕۆژی لەدایکبوونمەوە بە دیاری بۆی هێنابووم لەنێو چوارچێوەکەی دەربهێنم و وێنەکەی ژەنەراڵ لە شوێنی دابنێم. لە کاتی دەرهێنانی وێنەی منداڵە کەمانچەژەنەکەدا هێندە بە پەلە بووم، بۆیە چەند جارێك بەدەستمەوە دڕاو لە چەند لایەکەوە پارچەی لێ بووەوە. پاشان وێنەکەی ژەنەراڵم هێناو بە پەلە خستمە ناو چوارچێوەکەوە، بەڵام پاش ئەوەی بە وردی سەرنجم لێی دا، هەستم بە کەمێك خواری کرد، هەرچەندە ئەگەر زۆر بە دیقەتەوە سەرنج بدرایە ئەوجا هەست بە خوارییەکەی دەکرا، بەڵام دڵم ئۆقرەی نەگرت و زۆر بە وریاییەوە وێنەکەم دەرهێنایەوە. تا ئەو کاتەی دڵم رازیبوو بە ڕێکیی وێنەکە، چەند جارێك دەرم هێناو تێم کردەوە!. پاشان دەستم کرد بە خاوێنکردنەوەی شووشەو چوارچێوەی وێنەکە، ئینجا بەرەو لای ئەو بزمارە چووم کە پێشتر وێنەی منداڵە کەمانچەژەنەکەی پێوە هەڵواسرابوو، بەڵام چەند هەوڵم دا دەستم نەگەیشتە بزمارەکەو نەمتوانی وێنەکە هەڵبواسم. نەمدەزانی پێشتریش هێندە کورتەباڵا بووم و دەستم نەدەگەیشتە بزمارەکە، یان لەو کاتەوەی وێنەکەی ژەنەراڵ هاتبووە ماڵەکەمانەوە باڵام بچووك بووبووەوە!. نەمدەویست لەوە زیاتر بیر لە بڵندی یان کورتیی بەژن و باڵام بکەمەوەو خێرا چاوم گێڕا بە چواردەورمدا، بەو مەبەستەی شتێك بدۆزمەوەو بیخەمە ژێر قاچم، تا ئەو کاتەی وێنەکە

هەڵدەواسم. نزیکترین شت لێمەوە کتێبخانەکەم بوو، بە پەلە چەند کتێبێکم راکێشاو خستمە ژێر قاچم، نازانم بەڕێکەوت ئەو کتێبانە بەدەستمەوە هاتن یان لەبەر گەورەیی قەبارەکانیان بوو دەرم هێنان: (القران الکریم، کوردو کوردستان، بەندەکانی مافی مرۆڤ، ئینجلی پیرۆز، راس المال،...).

هەموو کتێبەکانم لەسەر یەکتری دانان، پاشان لەسەریان راوەستام، بەڵام هێشتا دەستم نەدەگەیشتە بزمارەکە، بۆیە چەند کتێبێکی دیکەم دەرهێناو جارێکی تر شووشەو چوارچێوەکەم پاککردەوە، ئینجا وێنەکەم هەڵواسی.

لەو کاتەوەی وێنەکەی ژەنەراڵم لە ژوورەکەمدا هەڵواسیبوو، رۆژ نەبوو چەند جارێك پاکی نەکەمەوەو بۆ چەند ساتێکیش بەرامبەری رانەوەستم، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەو گۆڕانکارییە بوو لە وێنەکەدا کە رۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەستم پێی دەکرد. بەردەوام وێنەکە لەبەر چاوم ترسناكو ترسناکتر دەبوو، هەتا ترسناکتریش خۆی پیشان بدایە کەمتر خۆمم بە خاوێنکردنەوەی ماندوو دەکرد، بەڵام جار لە دوای جار زۆرتر سەرنجم دەداو لێی ورد دەبوومەوە.

چاوەکانی ژەنەڕاڵ سات بە سات لەبەر چاوم سوورتر دەبوونو برۆکانی لە یەکتری نزیك دەبوونەوە، هەستم دەکرد وردە وردە چەناگەی درێژ دەبیٚو لچی بەرزدەبێتەوەو ددانەکانی گەورە دەبن. تا ئەو کاتەی وێنەکە هێندە گۆڕا کە هیچ شوێنێکی نەك لە وێنەکەی پێشوو، بەڵکو لە وێنەی مرۆڤیش نەدەچوو.

دواجار رووخساری ژەنەڕاڵ لەبەر چاوم بە جۆرێك ترسناك بوو ئەگەر زۆرم لە خۆم نەکردایە هەرگیز نەمدەوێرا سەیری بکەم. چاوەکانی بووبوون بە دوو گۆمی خوێن، دوو کەڵبەی تیژ لەملاو لەولای لێوییەوە سەریان دەرهێنابوو، هەستم دەکرد خوێنیان لێ دەچۆڕێ. سەرتاپای پێستی دەموچاوی بە موو داپۆشرابوو، کە ڕەنگی دەموچاویان بەتەواوی بۆر کردبوو.

چیدی ئەموێرا سەیری ئەو دیمەنە ترسناکە بکەم، بۆیە بڕیارم دا نەك ژوورەکەم، بەڵکو ماڵەکەمانو گەڕەکەکەشمان بۆ هاتایی بەجێبێڵم. هێشتا هەنگاوێکی تەواوم هەڵنەهێنابوو، دوو دەستی تووکنی بەهێز تووند تووند قاچەکانمیان گرتو بەرەو لای وێنەکەی ژەنەڕاڵیان راکێشام، نینۆکە درێژو چەقۆییەکانی دوو دەستەکە لە پێستی قاچم چەقیبوون. هەتا دەستەکان نزیکتریان دەخستمەوە لە وێنەکە، رووخساری ژەنەڕاڵ تۆقێنەرتر دەبوو. چیدی نەموێرا لە وێنەکە بڕوانم، بۆیە بە هەردوو دەستم تونـد تونـد چاوەکانمم گرتبوون. لە ناکاو دەنگی پێکەنینێکی ترسناك ژوورەکەمی لەرزاند، هێندەی نەمابوو دەنگەکە پەردەی گوێچکەکانم بدڕێ. ئەگەر هێزی ئەو دوو دەستە نەبایە کە تونـد قاچەکانمیان گرتبوو، دڵنیام لەبەر بەهێزیو ترسناکیی پێکەنینەکە خۆمم بۆ نەدەگیراو بەلادا دەکەوتم. بە پەلە دەستم لەسەر دەموچاوم لابردو سەیری وێنەکەم کرد، دەمی ژەنەڕاڵ هێندەی دەمی تیمساحێك کرابووەوەو بێ ئەوەی هیچ بڵێ

قاقا پێدەکەنی، لەگەڵ پێکەنینەکەشدا دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە دەمییەوە دەهاتـە دەرێو دەڕژایـە نـاو ژوورەکەمـەوە. هەسـتم دەکـرد بـەردەوام هەوڵ دەدات بەهێزتر پێبکەنێ، هەتا بەهێزتر پێدەکەنی نینۆکەکانی دەستی زیاتر لە قاچـم دەچەقینو دڵۆپـە خوێنـەکانی دەمیـشی زیـاتر دەبوونو بـەخۆڕتر دەڕژانـە نـاو ژوورەکەمـەوە. ئـەو کاتـەی لـە هـۆش خـۆم چـوومو ئاگـام لـە خـۆم نـەما، هێـشتا ژەنـەڕاڵ تـینی دەدایـە بەرخۆیو زۆری لە خۆی دەکرد تا زیاترو قایمتر پێبکەنێ.

نـازانم مـاوەی چـەند بـە بێهۆشـی مامـەوەو کـەیو چـۆن بـەئاگا هاتمەوە؟ بەڵام کاتێك بـەئاگا هاتمـەوە خـۆمو سـەرتاپای ژوورەکـەم لـە خوێندا نوقم بووبووین.

# شەوی نەنووسینەوەی حیکایەتەکان

لەگەڵ خوێندنەوەی ئاگادارییەکەی لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ، خێـرا بڕیاری دا کە بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا بکات، بـێ ئـەوەی چیرۆکێکی ئامـادەکراو یـان ڕەشنووسـی چـیرۆکێك و تەنانـەت بیرۆکەیـەکیش لـە خەیاڵیـدا بێـت: (ئێـرە وڵاتـی حیکایەتەکانـە.. ئـەو حیکایەتـە تـاڵ و سەمەرانەی کە ڕۆژانە دەیان و سەدانیان ڕووبەڕوومان دەبنەوەو بەبێ بـچوکترین سـەرنج و کـەمترین تێڕامـان ونـدەبن و دەچـنە خانـەکانی بیرچوونەوە و نەبوونەوە.. ئێمە تەنها هێزی گێڕانەوەی داپیرەیەکمان بەسـە بـۆ بەچـیرۆککردنی ئـەو حیکایەتانـە...). ئەمانـە ڕسـتە سـەرەتاییەکانی دوای بڕیارەکـەن، کـە زوو زوو لـە دڵـی خۆیـدا دەیگوتنەوەو جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان لەلای جێگیرتر دەکرد.. ئەو

رسـته سـەرەتاییانەی کـە ئـەویان خـستە نێـو جـەنگێکی شـووم و نەگریسەوە، جەنگێك سەرکەوتنیش تێیدا هەر دۆڕاندن بوو!.

چ بڕیارێکی کتوپڕ بـوو خودایـە..؟ کتـوپڕ وەکو ئـەو هـەموو بیرۆکـە تالآنەی کە یەك لەدوای یەك بەشوێن هەنگاوەکانیـدا دەهـاتن و ناچاریان دەکرد زووتر فریای نووسینەوەیان بکـەوێت، بـەلآم ئەگـەر سـەد هێنـدەی تـریش بیرۆکـەکان ناچـاریان بکردایـەو زۆریـان بـۆی بهێنایـە کـە نووسینەوەیان نەخاتە درەنگانی شـەو، هێـشتا بێـسوود بـوو، ئـاخر ئـەو تەنها لەو کاتانەدا توانای گێڕانەوەی حیکایەتەکانی هەبوو کە دواجارو لـە کاتی شکستی گێڕانەوەدا بـە ئاسانی بتـوانێ لـەناو تاریکیـدا ونیـان بکـاتو بیانکات بە هیچ..!.

**شەوی یەکەم..**

بـەم درەنگـانی شـەوە (ئـەو) سـەری بەسـەر کاغـەزە سـپییەکانی بەردەمیدا شۆڕکردووەتەوەو چاوی بڕیوەتە نوکی قەڵەمەکەی دەستی، خۆیـشی نازانێـت بڕیـاری یەکـەمین وشـەو یەکـەمین دێـڕ لـە دەسـتی کامیان دایە.. خۆی یان نوکی قەڵەمەکەی؟!. گرنگ نییە هەرکامێکیان بن.. گرنگ ئەوەیە ئـەو یـەکێك لـە بیرۆکـەکانی دەستنیـشان کـردووەو دەیەوێت بەم درەنگانی شـەوە بیکـات بـە چیرۆکێك.. لـەوەش گـرنگتر ئەوەیە باش خۆی ئامادە کردبێت بۆ رووبەڕووبوونـەوەی سـەرەتا، کـە ئـەو وەك سـەختترینو ترسـناکترین قۆنـاغی چیرۆکنووسـین سـەیری دەکات.

(خودایه.. هەموو سەرەتاکان هەروا سەختو ترسناکن.. سەخت وەك دروستکردنی گەردوونو سەرەتای هەناسەبەخشین بە یەکەمین ئادەم، ترسناکیش وەك یەکەمین هەنگاوی منالێکی تازە پێگرتوو و یەکەمین پەلەپیتکەی سەر تفەنگی نیشتمانفرۆشێك..!). هەندێجار لە دڵی خۆیدا وای دەگوت.

سەری بەسەر کاغەزە سپییەکانی بەردەمیدا شۆڕکردووەتەوەو زەلیلانە سەیری نوکی قەڵەمەکەی دەستی دەکات، نازانێت لەکوێوە دەست بکات بە گێڕانەوەی حیکایەتەکە، حیکایەتی ئەو زیندانییەی کە جێهێشتنی دیوارەکانی زیندان نەك مایەی خۆشحاڵیو مژدەبەخشین نەبوو بۆی، بەڵکو وەك سەرەتای کارەساتو پووچبوونەوەی خەونەکانی دەیبینی!. شارێك بەدەم پێکەنینو گوتنەوەی هوتافەکانەوە، هێرشی دەبردە سەر دەرگاکانی زیندان و لە ماوەی چەند چاوتروکانێکدا لەبنەوە هەڵی دەکێشان.. ئەو لەودیوی دەرگا ئاسنینەکەوە بە زنجیری کەلەبچەکەی دەستی خەریکی هەڵکۆڵینی دیواری زیندانەکەیەو دەیەوێت بەشی کۆتایی رۆمانەکەی بنووسێت.. رۆمانێك لە یەکەمین هەفتەی هاتنیدا بۆ ئەو ژوورە دەستی کردووە بە نووسینی و ئێستاش خەریکی نووسینی دوا دێڕەکانێتی. ئەوان بەدەم گوتنەوەی هوتافەکانەوە هێرش دەبەنە سەر دەرگای ژوورەکەی و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لەبنەوە هەڵی دەکێشن، ئەو هێشتا خاڵی کۆتایی رۆمانەکەی دانەناوە، ئەوان خێرا باوەشی پێدا دەکەن و بەرزی دەکەنەوە بۆ سەر شانیان و لە کەمترین ماوەدا دووری دەخەنەوە لە

ژوورەکـــەی و دیوارەکـــان، ئـــەو هێـــشتا خـــەیاڵی لای دوا دێـــڕی ڕۆمانەکەیەتیو هەوڵ دەدات خۆی لە دەستیان رزگار بکات و بـە پەلـە بگەڕێتەوە لای دیوارەکان، ئەوان زۆر لـەوە بـەهێزترن کـە جەستەیەکی شـەکەت و لاواز بتـوانێ لـە دەسـتیان یـاخی بێـت و بەشـداریی ئـەو شـادییەیان نـەکات!، ئـەو تـەنها فریـای ئـەوە دەکـەوێت دوا ئـاوڕ بـۆ ژوورەکـەی بداتـەوە و بـەدەم هەڵوەرانـدنی چـەند دڵۆپێـك فرمێـسکەوە سـەری بـەرز بکاتـەوە و لـە دڵـی خۆیـدا بڵێـت: (خودایـە.. تـەنها هێـزی ئەوەم بەرێ ئەم دیوارانەش لەگـەڵ خۆمـدا بـەرم.. یـاخود بـەبێ ئـەوان هەڵبکەم..!).

ئەوان هوتافیان دەکێشا.. کـۆڵان بـە کـۆڵانی شـار (ئـەو)یـان بەسـەر شـانیانەوە دەگێـڕاو شـانازییان بـە خـۆڕاگری و قارەمـانێتیی ئـەوەوە دەکـرد.. ئــەویش هێـشتا بێدەسـەڵاتانە سـەری بەسـەر کاغـەزەکانی بەردەمیـدا شـۆڕکردووەتەوەو زەلیلانــە سـەیری نـوکی قەڵەمەکـەی دەسـتی دەکـات و نازانێـت لـەکوێوە دەسـت بکـات بـە گێڕانـەوەی ئـەم حیکایەتە!...

**شەوی دووەم..**

ئەمشەویش وەك شەوی رابردوو، کۆمەڵێك کاغەزی سپیی لەبـەردەمی خۆیدا داناوەو نیـازی نووسـینەوەی حیکایـەتێکی تـری هەیـە!. حیکایـەتی ئەو ژنە رەشپۆشەی تەمەنێکە بەدەم چاوەڕوانیی لـەدەرگادانی کەسـێکەوە وردە وردە پرچــە ســپییەکەی دەهۆنێتــەوە. وەك چــەندبارەبوونەوەی

فیلمێکـی تـراژیـدیی نیوچـرکەیی.. رۆژانـە ئـەم وێنەیـەش چـەندینجار لێدەدرێتەوە: (تەق... تەق... تەق.. کەسێك لـە دیـووی دەرەوە بـە هـەموو هێزی خۆی سێ جار دەکێشێ بە دەرگای حەوشەدا. دیسان خورپەیەك بـە دڵی ئەمدا دێـت و دەیـەوێت بـە زووتـرین کـات و کـەمترین هـەنگاو بگاتـە لای دەرگاکەو لەگەڵ کردنەوەشـیدا بـاوەش بـە کەسـی ئـەودیوو دەرگاکـەدا بکات و بە فرمێسك تەواوی جەستەی یەکتری بخوسـێنن!. کەسـێك ئەوسـا نیوەی شادییەکانی خۆی بۆ ئەم دەهێناو لەولاشەوە نیوەی خەمـەکانی لـێ وەردەگرت، کەچی تەمەنێکە جگە لـەوەی هەرهـەموو بـزەو خۆشـییەکانی ئـەمی بـردووە، سـەرجەم ئـازارو خەمەکانیـشی بەسـەریدا جێهێـشتووە. ماندووێتی و شەکەتیی جەسـتە لێناگـەڕێ ئـەم خێـراو بـە ئـارەزووی دڵـی بگاتە لای دەرگای حەوشە، ئەمجارەش تـەنها چـرکەی کردنـەوەی دەرگاکـە بەسە بۆ هەرەسپێهێنانەوەی سەرجەم خەونەکانی..).

دیـسان مانـدووێتیو قـەهر رووخـساری ئـەو داگیردەکەنـەوە، رووخـساری شـەکەتو کـوتراوی ئـەو ژنـە زیـاتر دەچـێتەوە سـەر رووخساری تووڕەو هەلاهـەلابووی گـەرمیانی دوای ئـەنفال..!. ئـەنفال، ئەو حیکایەتە تاڵەی تەمـەن چـەند بـچووك و کورتەبالآیـە لـە ئاسـتی گێڕانەوەیـدا. ئەمـەیان یـەك حیکایـەت نییـە بەتـەنها و بـەس، بـەڵکو دەشتێکی پانو بـەرین حیکایـەتی کـوژراو و غـەدرلێکراوە لـەنێو یـەك حیکایـەتی گـەورەدا.. پەنجـەبردن بـۆ هـەر یـەکێك لـەو حیکایەتانـە ڕەنگـە لافـاوی خـوێن بـەدوای خۆیـدا بهێنێـت.. لافاوێـك یـان ئـەوەتا

ویـژدانی پیـسی یـەك بـە یـەكمان دەشـواتەوەو لـە بێئاگـایی چـەندین ساڵەی ئـەو حیكایەتـە لەبیركراوانـە وریامـان دەكاتـەوە، یـاخود لەگـەڵ خۆیدا داروپەردووی ئەو تەلارە قەشەنگانەش رادەماڵێ، كە زەمەنێكـە دروستمان كردوون لە درۆ.

(خودایـە.. گـەر هـەموو تەمەنیـشمان شـەو بێـت، هێـشتا فریـای نووسـینەوەی ئـەم حیكایەتـەیان ناكـەوین. گـەر خەمـەكانی ئـەم حیكایەتـە بەسـەر كاغـەزە سـپییەكانی هـەموو دونیـادا دابەشـكەین، هێشتا گەلێكیان بەبێ كاغەز دەمێننەوە.. ئەم حیكایەتـە بـەرگ رەشـە هەرهەموو تەمەنمان دەبات و هێشتا هیچمان نەگوتووە...!) ئەو بەدەم وولكردنی كاغەزە سپییەكانەوە، لەبەر خۆیەوە وای گوت.

**شەوی سێیەم..**

چـەند سـاڵێك بـەر لـە ئێـستا حیكایـەتی ئەمـشەوی لـە دەمـی پیرەپیـاوێكی دونیادیـدەوە بیـست، كـە بـە چـاوی خـۆی بەشـێكی رووداوەكەی بینیبوو، ئەو چاوانەی لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەكی تردا، چەند جارێك سڕینیان پێویـست بـوو. ئـەو نایـەوێت حیكایەتەكـە وەك چـۆنێتیی بیـستنیو گێڕانـەوەی پـیرە پیاوەكـە بنووسـێتەوە، بەڵكو دەیەوێت چیرۆكێكی زۆر هونەری و سەركەوتووی لێ دروست بكات، چیرۆكێك دواتـر ببێتـە مایـەی شـانازی و دەستخۆشـی بـۆیو نـەك تـەنها لەسـەر كاغـەزە سـپییەكانی بـەردەمی، بـەڵكو لەسـەر

هەرچــی کاغــەزی ســپیی دونیــا هەیــە بنووســرێتەوە!.. بــەڵام نووسینەوەی ئەم حیکایەتەیان دڵێکی ئازاو خۆڕاگری دەوێت، دڵێك رەقــتر لــەو بــەردەش کــە دەبەســترێ بــە قاچــی گەنجێکــەوە، کــە مەحکومە بە لەسێدارەدان.. هەڵبەت جەللادەکە هەر لەخۆوەو بێ بەرامبەر ئەم کارە ناکات..!. ئەو بـە چـرپە بـڕی ئـەو پارەیـەی بـە دایکی گوت، کە وەری دەگرێ لەجیاتی بەستنی بەردێکی گـەورە بـە قاچـی کوڕەکەیــەوە لــە کــاتی جێبــەجێکردنی حوکمەکــەدا. ئــەو پیرەپیــاوەی کــە خــۆی یەکێکــە لــە پاڵەوانــەکانی ئــەم حیکایەتــە، گێڕایــەوە کــە لــەناکاو تارماییــەك بــەردەم دوکانەکــەی دەگرێــت: (ببــوورن تارمــایی نــەبوو، بــەڵکو تێگەیــشتنی هەڵــەی ئێمــەبوو لــە یەکــەمین رووبەڕووبوونەوەمانــدا لەگــەڵ ئــەو جەســتە شــەرمنەی ســــەرجەم کــــوێرەوەری و ئازارەکــــانی لــــەژێر عــــەبا رەشــــەکەیدا شاردبووەوە..). شاردنەوەی ئەو هەموو کوێرەوەری و ئازارانە لەژێر یەك عەبادا چ خۆڕاگری و ئۆقرەیەکی گەورەی دەوێ.. خودایە؟!.

بەدەم سڕینەوەی فرمێسکەکانییەوە، دەیگوت: (من چ هەقێکم هەبوو بزانم ئەو بۆچی سواڵ دەکات و چی لەو پارەیە دەکات، کە بە پەلەو دوای وەرگرتنی، لەژێر عەبا ڕەشەکەیدا دەیشاردەوە؟!)، بەڵام ئەو خێرا پێی گوتبوو، کە سواڵکەر نییەو هەموو پارەکـەی بــۆ جەللادەکــە دەوێــت: (ئــاخر ئــەو بــەزەیی بــە مــن و کــوڕە تاقانەکەمــدا دێتــەوەو بــەڵێنی داوە لــە بەرامبــەر ئــەو پارەیــەدا

بەردێکی گەورە ببەستێ بە قاچی کوڕەکەمەوە، بۆ ئەوەی هەر دوای شەقهەڵدانی لە کورسییەکەی ژێر قاچی لە کاتی لەسێدارەداندا، لە زووترین ماوەداو بە کەمترین ئازاری ڕۆحکێشان و لینگەفرتەی مەرگەوە گیانی دەرچێ..!). پیرێژنەکە هەموو ئەم قسانەی بەدەم گریانی ژێر عەبا رەشەکەیەوە بۆ پیرەپیاوەکە گێڕایەوەو پاش وەرگرتنی بڕێ پارە لێی، هەرزوو دیار نەماو لە چاوان ونبوو. کەس نەیزانی ئەو رۆیشت یان لەنێو فرمێسکی ژێر عەباکەیدا توایەوەو بوو بە هەڵم، یاخود تەنها تارماییەك بوو، بۆ ماوەیەك بەردەم دوکانەکەی ئەمی گرت و دواتر نەما!.. پیرەپیاوەکە لەگەڵ هەموو بەبیرهاتنەوەو گێڕانەوەیەکی تری ئەم ماوەیەدا، بەچۆکدا دەهاتو نەیدەتوانی لەبەردەم شالآوی فرمێسك و پەشیمانی و خۆبەتاوانبار زانیندا خۆی راگرێ..تاوانی بەخشینی بڕێ پارە بە جەللادێك، لەبەرامبەر زووتر گیانکێشانی کوڕێکی گەنجدا!. ئەو هەردوو چاوی دەنووقاندو دەستەکانی رووەو ئاسمان بڵند دەکردەوەو لە خوا دەپاڕایەوە، کە لەو گوناهە گەورەیەی خۆشبێ: (گوناهێك گەر دابەشی بکەی بەسەر ئەهلی بەهەشتدا، هەرهەموویان رەوانەی دۆزەخ دەکرێن!..). پیرەپیاوەکە بەدەم هەڵوەراندنی فرمێسکەوە، بە ترسەوە وای دەگوت. ئەمیش سەری خستبووە سەر کاغەزە سپییەکانی بەردەمی و بەبێدەنگی فرمێسکی هەڵدەوەراند بەسەریاندا،

کاغەزەکان بە جۆرێك تەڕ بووبوون، کە نەدەکرا تاکە وشەیەکیان لەسەر بنووسرێت!....

**شەوی چوارەم...**

ئەمـــشەو چـــوارەمین شـــەوی نووســـینەوەی حیکایەتەکانـــە.. ئـــەو حیکایەتـە نەفرەتییانـەی هێـشتا تاکـە وشـەیەکیان لـێ نەنووسـراوەتەوەو ئەویان بەرەو ئازارێکی قـووڵی رۆحـیو دەروونـی پـەلکێش کـردووەو تـازە دەربـازبوون لێـی لـە مەحاڵـەوە نـزیکترە... بەهـەرحاڵ، بڕیـارە ئەمـشەو هەرچۆنێك بووە حیکایـەتێك لەسـەر ئـەو کاغـەزە سـپییانە بنووسـێتەوە، کە هێشتا تەڕایی فرمێسکەکانی شەوی رابردوویان بە باشـی لەسـەر وشـك نەبووەتەوە.

سەرەتا بڕیاری دا حیکایەتی ئەو کچە بەدبەختە بنووسـێتەوە، کـە لـە حەوشەکەی ماڵی خۆیاندا، یەك دەبـە نـەوتی کـرد بـە جەسـتەی خۆیـداو لەگەڵ داگیرسانی دەنکێك شقارتەدا تەنها قیژەیەك و مشتێك خـەڵوزی لـە پـاش بـەجێما، بـەڵام باشـبوو زوو بـیری کەوتـەوە کـە ئەمـە جگـە لـە گوتنـەوەی حیکایـەتێکی کـۆن و سـواو هیـچیتر نییـە!. پاشـان ویـستی دوا هەنگاوەکانی یـەکێك لـەو هـەزاران گەنجـە بکات بـە چیرۆك، کە بڕیـاری کۆتـایی داوەو نیـشتمان بـە هـەموو ئازارەکانـەوە جێـدێڵێو لـە دوا ئـاوڕی سەرسـنووریدا بـە قـوڕگی پـڕ لـە گریانـەوە دەڵێ: (خواحـافیز نیـشتمانی مـەرگ.. لـەمڕۆوە بڕیـارە منـیش بـژیم...!)، کەچـی لەوسـەرەوە تـەنها

هــەواڵی مــەرگی دەگەڕێتــەوە بــەبێ جەســتە، بــەڵام خێــرا وازی لــەم بیرۆکەیەش هێنـاو لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی: (تاکـەی واز لـە گوتنـەوەی ئـەم قسە بێماناو باوانەی ڕۆژ ناهێنین؟!.). دواتـر بیرۆکەیەکی کـۆن هاتـەوە بـە مێـشکیدا، کـە پێـشتریش چـەند جارێـك هـەوڵی دابـوو بیکاتـە چـیرۆکێك، بەڵام سەرکەوتوو نـەبووبوو.. مـەرگی کەمانـچەژەنەکەی دراوسـێیان، ئـەو گەنجەی هەموو ڕۆژێك بە خـۆی و جانتـا ڕەشـەکەی کەمانـچەکەیەوە، بـە بەرگێکی سپیو جووتێـك پـێڵاوی سـپیترەوە چـەند جارێـك بـە بـەردەمی ماڵەکەیانــدا ڕەتــدەبوو، بــێ ئــەوەی ســڵاو لــە کــەس بکــات یــان ســەری بەرزبکاتەوە، لەبەر خۆیـەوە شـتێکی دەگـوت.. شـتێك پێدەچـوو زمـانێکی تایبەت بێت بە خۆیو ئێمە کەسمان لێـی تێنەگـەین!. ئـەو قـسەی لەگـەڵ کەسمانــدا نــەدەکرد.. دەیــانگوت لــە ماڵــەوەش کــەم قــسان دەکــات، تێکــەڵی کەسمان نەدەبوو.. دەیانگوت لە ماڵـەوەش کـەم لـە ژوورەکـەی خـۆی دێتـە دەرێ، دەیانگوت ئەو تەنها کەمانچەکەی لە ئامێز بگرێ و کەمێك مۆسـیقا بژەنێ ئیدی نە کەسی دەوێ و نـە خـواردن. دەڵـێن جاری وا بـووە چـەند ژەمێك هیچی نەخواردووە، تەنها مۆسیقای ژەنیوە، کەچی هەر بەخۆیـشی نەزانیوە!. ئەو کاتەی کەمانچەکەشی شـکا دیـسان نـە کەسـی دەدوانـدو نـە هیچیشی دەخوارد، ئەو بە قاتێکی سـپیو جووتێـك پـێڵاوی سـپیترەوە لـە سووچێکی ژوورەکـەی دانیـشتبوو، تونـد کەمانـچە شـکاوەکەی لـە ئـامێزی گرتبــوو، ئــەوان هــەموویان دەهــاتنو تکایــان لێــی دەکــرد، کــە واز لــە مانگرتنەکـەی بـێنێ، دەیـانگوت کەمانـچەیەکی جـوانترو تـازەترت بـۆ

دەكرپن، ئەو توندتر كەمانـچەكەی لـە ئـامێز دەگـرت و وەڵامـی كەسـیانی نەدەدایەوە. ئـەوان زۆر هـەوڵیان داو دواتـر بێئومێـدبوون لـە رازیكردنـی، ئەو سـوورتربوو لەسـەر بڕیارەكـەی‌و رازیتربـوو لـە مانگرتنەكـەی. ئـەوان ناچاربوون وازی لێ بێنن‌و ژوورەكەی جێبێڵن، ئـەویش دەیویـست بەسـەر كەمانــچە شــكاوەكەیەوەو بــە رەزامەنــدیی خــۆی لــەو ژوورەدا گیــانی دەرچێ!. دوای مـردنیش ئـەوان ویـستیان كەمانـچە شـكاوەكەی لـە ئـامێز دەربێـنن ئـەوجا بینێـژن، دەتگـوت نیازیانـە پارچـەیەكی جەسـتەی لـە رەگـەوە هەڵكێـشن.. كەچـی ئـەو تونـدتر لـە پێـشوو گرتبوویـە ئـامێزی‌و بەری نەدەدا. ئەوان ناچار هەر بە جلـە سـپییەكان و كەمانـچە شـكاوەكەی باوەشییەوە ناشـتیان‌و دواتـر ویـستیان لەسـەر كێلـی قەبرەكـەی بنووسـن: (خودایـە.. بەنـدەكانت چـەند جیـاوازن لـە یـەكتری.. دڵـی هەنـدێكیان لـە گوللـەی تفـەنگیش رەقــترە.. هەندێكیــشیان لەگــەڵ تــۆرانی نۆتەیــەكی مۆسـیقادا پارچـە پارچـە دەبـن..!)، بـەڵام تـا ئێـستاش هیـچیان لەسـەر قەبرەكــەی نەنووســیوە، وەك چــۆن وا خەریكــە دونیــا تــەواو روونــاك دەبێتەوە، كەچی ئەم هێشتا تاكە وشەیەكی چیرۆكەكەی نەنووسیوە!.

وەنــەبێ شــەوەكانی دواتــری باشــتربووبن لــە شــەوانی رابــردوو، ئــەو شەوانەش دیسان رەنـگ و رووخـساری ئـەویان زیـاتر دادەمـاڵی لـە رەنـگ‌و رووخساری مرۆڤ. باشـترە واز لـەو گۆڕانكارییـە ترسـناكانە بێـنین، كـە لـە ماوەی ئـەو چـەند شـەوەدا بەسـەر ڕووخـساریدا هـاتبوون و بـەردەوامیش بــەرەو چ بێهێــزی‌و داهێزرانێكــی جەســتەییان دەبــرد، وەك داهێزرانــی

جەســـتەی پیریـــژنێکی پـــشتکۆماوە لـــە کـــاتی گەڕانەوەیـــدا بـــۆ رۆژە بەسەرچووەکانی تەمەنی!...

باشـە نـەدەکرا دوورکەوێتـەوە لـە خوێندنـەوەی ئـەو کاغـەزە پـیس‌و دڕاوانەی، کە بەردەوام بە دیوارەکانی شارەوە هەڵواسراون و بێزەوقییـەکی زاڵیـان داوە بـەو دیوارانـە؟!، یـان نـەدەکرا بـە پـاڵ زبریـی ئـەو دیوارانـەدا نەڕوات، کە بە ئاگادارییە نەفرەتییەکان داپۆشرابوون؟!، ئەی چ دەبـوو بـۆ چـەند ساتێك خـودا چاوە بزێوەکـانی لـێ بـسەندایەتەوەو لـە بـەلای ئـەم حیکایەتـە بێتامانـە بـەدووری بگرتایـە، دواتـریش وەك ئەمانـەتپارێزێکی دەستپاك بـۆی بگەڕاندایەتـەوە یـان هـەر نەیگەڕاندایەتـەوە؟! یـاخود وەك خـــۆی دەیگـــوت: (خـــودای میهرەبـــان.. بـــەر لـــەوەی مـــن ئاگادارییەکـــە بخوێنمەوە، تـۆ بۆچـی بـیرت نـەبوو تـووڕەیی بارانـت بەسـەر ئـەم شـارەدا ببـارێنی‌و ئاگـاداریی هەرهـەموو دیوارەکـان لێکەیتـەوەو لـەنێو چـڵپاوی بەرپێی رێبوارە تیژتێپەڕەکاندا بیانخووسێنی؟!، ئاسایی بوو داروپـەردووی هەرهـــەموو کۆشـــکە رازاوەکـــانی شاریـــشت لەگـــەڵ تـــووڕەیی بارانەکـــەدا راماڵیایە.. گرنـگ ئەوەیە منت لەو ئەرکە بێمایە رزگار بکردایە، کە نـازانم خـۆم بـە خـۆمم سـپاردووە، یـان قـەدەری تـۆ؟!. ئـەرکی نووسـینەوەی حیکایەتی هەزارو یەك شـەوە...) هـەزارو یـەك شـەوی چـی؟! ئـەو توانـای نووسـینەوەی حیکایـەتی تـەنها یـەك شـەوی نییـە، چ جـای هـەزارو یـەك، بـەلام وەهـم لێناگـەڕێ کـە خـۆی بـە پاڵـەوانی ئـەو بـوارە نـەزانێ و پێـی وانەبێ شایستەترین کەسی ئـەو ئەرکـە نییـە، ئـەو وەهمـەی کـە لـە رۆژی

خوێندنەوەی چیرۆکەکانی فێستیڤاڵدا ئەوی هان دا بەرەو ئەو جێگایە بچێت کە چیرۆکەکانی لێ دەخوێندرانەوە و بێ ئەوەی ناوی لە بەرنامەی فێستیڤاڵدا هەبێت یان داوای یارمەتی لە لیژنەکە بکات، دەست بکات بە خوێندنەوەی چیرۆك.. بەڵام کام چیرۆك؟! ئەو جگە لە کۆمەڵێك کاغەزی سپی هیچی تری پێ نەبوو.. ئەو کاغەزە سپییانەی کە چەندین شەو تا بەیانی سەری شۆڕکردبووەوە بەسەریانداو لە چاوەڕوانیی نووسینی تاکە وشەیەکدا تێیان رامابوو، گەلێك شەویش تا هەلأتنی خۆر بەسەریاندا گریابوو.

میوانانی نێو هۆڵەکە هەر هەموویان واقیان وڕمابوو، هەندێکیان چاویان هەڵدەگلۆفت و بڕوایان بە گوێچکەو چاوی خۆیان نەمابوو، هەندێکیشیان دەمیان داچەقاندبوو، چاوەڕێی کۆتاییەکانی ئەم فیلمە کۆمیدییەیان دەکرد. ئەو کۆمەڵێك چیرۆکی سەیر سەیری دەگێڕایەوە، کە زیاتر لە حیکایەتەکانی شەوانی سەرەتا دەچوون، بەڵام بە دەستکارییەکی زەقی ئەرکی کەسێتییەکانەوە!. چیرۆکی پیرێژنێکی پرچ سپیی دەگێڕایەوە کە کەمانچەیەکی شکاوی لە ئامێز گرتووە، نە هیچ دەڵێ و نە هیچیش دەخوا.. لەمێژە لێی دەپاڕێنەوە، کەچی واز لە مانگرتنەکەی ناهێنێ..... هەروەها باس لە حیکایەتی کچێك دەکات، کە لە ژووری زیندانا بە زنجیری کەلەبچەکەی دەستی خەریکی نووسینی دوا دێڕەکانی رۆمانێکە لەسەر دیواری ژوورەکەی‌و دواتریش لەگەڵ خەڵکی شاردا، بەدەم گوتنەوەی هوتافەکانەوە دەست دەکەن بە رووخاندنی ژوورەکە و دیوارەکانی....

ڕەفتـــارە ســـەمەرەكانی (ئـــەو) هـــەموو میوانـــەكانی نێـــو هۆڵەكـــەی هێنـابووە پێكـەنین، هەنـدێجار بـە هـەموو هێـزی‌و لـەناكاو دەیكێـشا بـە مێزەكـەی بەردەمیـدا و میوانـەكانی رادەچـڵەكاند، جارجـارەش یـەكێ لـە كاغـەزە سـپییەكانی لـەنێو دەسـتیدا لوولـدەكردو بەوپـەڕی بێئەدەبییـەوە رووەو دانیشتوانی نێو هۆڵەكە فڕێی دەدا. دواتر چیرۆكی كـوڕێكی گـەنجی گێڕایەوە، كە ساڵانێكە بەدەم چاوەڕوانیی لـەدەرگادانی كەسێكەوە جگـەرە لەدوای جگەرە دادەگیرسێنێ‌و بـەهۆی ئاوێنـە شكاوەكەی دەسـتییەوە تاڵـە سپییەكانی قژی دەژمێرێ. ئەو لەگـەڵ گێڕانـەوەی ئـەم حیكایەتـەدا، وەك كەسـێكی بـەجێماو لـە سـەردەمەكەی خـۆی، بـە پەلـە بـەرەو دەرەوەی هۆڵەكە رایكردو بەدەم گریان و فڕێـدانی كاغـەزەكانی دەسـتییەوە هـاواری دەكرد (ئەمەیان زیاتر لە گێڕانەوەی حیكایەتـەكانی ئـەنفال دەچـێ.. ئـەو حیكایەتـە بێكەسـانەی سـاڵانێكە لـەژێر پێمانـدا كـەوتوون و بەسـەریاندا دەڕۆیـن، بـێ ئـەوەی بـیر لـە هەڵگرتنـەوەیان بكەینـەوە..!). هەرچـەندە هێشتا گریان و هاوارەكانی لەنێو هۆڵەكەدا بەتەواوی كپ نەبووبوونـەوە و دەنگیـان ئەدایـەوە، كەچـی ئـەو هـەرزوو بـووە یـەكێك لـە حیكایەتـە فەرامۆشكراوەكان‌و لەنێو تاریكیدا ونبوو.. ئەوانیش دوو دوو قۆڵیـان كـرد بـە قـۆڵی یەكتریـداو بـەدەم پێكـەنین‌و گێڕانـەوەی رەفتـارە سـەمەرەو خۆشەكانی ئەوەوە هۆڵەكەیان چۆڵكرد...!.

*ئەم چیرۆكە لە نۆهەمین فێستیڤالی گەلاوێژدا خەڵاتی یەكەمی پێ بەخشرا.

# فرمێسکەکانی پاش مەرگی باوکم

ئـەو کاتـەی هـەواڵی مردنـی باوکمیـان پـێ ڕاگەیانـدم، مـن لـەژێر سـێبەری (دارتـوو)یەکـدا دانیـشتبووم، پـیلانم بـۆ کوشـتنی بـاوکم دادەڕشـت. پێـشتریش چـەند جارێـك بـیرم لـە ئەنجامـدانی ئـەو کـارە کردبـووەوە، بـەڵام لەبـەر لاوازیـی جـۆری پیلانـەکان هـەر زوو لێیـان پاشگەز دەبوومەوە.

جارێکیـان بڕیـارم دا لـە کـاتی خەوتنـدا، بـە بـەردێکی گـەورە کەللەسەری پان بکەمەوە، بەڵام لە دواییـدا بـیرم کەوتـەوەو لـە خـۆمم پرسی: (ئەدی ئەگەر لە کاتی بڵندکردنەوەی بەردەکەدا، باوکم بـەئاگا هاتەوەو چاوەکانی هـەڵهێنان؟! خـۆ جگـە لـەوەی دەسـتبەجێو لەگـەڵ بینـینی چـاوەکانیدا، دەلینگـی پانتۆڵەکـەم تەڕدەکـەم، بەدڵنیاییـەوە بەردەکەش لە دەستم بەردەبێتـەوەو کەللەسـەری خـۆم پـان دەکاتـەوە،

یــان بــەر قاچــی خــۆم دەكــەوێت و پەنجــە گەورەكــەم شــین و مــۆر دەكاتەوە). بۆیە وازم لەو پیلانەیان هێنا. جارێكی دی بڕیارم دا هەر لە كاتی خەوتندا، توند هەردوو دەستم بخەمە سەر دەمو لوتی، تا ئەو كاتەی بە تەواوی دڵنیا نەبم كە مردووە، دەستی لەسەر هەڵنەگرم، بەڵام باشبوو زوو هێزی دەستەكانی باوكمم بیركەوتەوەو بەخۆمم گوت: (گەمژە.. چۆن تۆ ململانێی ئەو دەستە پۆڵاییینانەت پێ دەكرێ؟!) دڵنیابووم بە سووكترین پاڵ، نەك تەنها دوورم دەخاتەوە لە خۆی، بەڵكو پانیشم دەكاتەوە بە دیوارەكەوە. لەو كاتەدا مێشكو خوێنی سەری خۆمم بە دیوارەكەوە دەبینیو ئەو پەڵە خوێنەی سەر دیواری ژووری نانخواردنی ماڵی خۆمانم بیركەوتەوە، كە دایكم بۆی گێڕامەوەو گوتی: (تۆ هێشتا لەدایك نەبووبوویت، ڕۆژێك باوكت بە برسێتی لە بازاڕ گەڕایەوە. من لەبەر نەخۆشی نەمتوانییبوو خواردن ئامادە بكەم، بۆیە بە باوكتم گوت لەجیاتی من خواردن ئامادە بكات، بەڵام ئەو بە دوو چاوی ئاگرینەوە بەرەو رووم هاتو بە هەموو هێزی زللەیەكی لە لا ڕوومەتم دا، سەرم بەر دیوارەكە كەوتو لە هۆش خۆم چووم، كاتێك بەئاگا هاتمەوە خوێنی سەرم وشكبووبووەوە. تا ئێستاش ئەو پەڵە خوێنە بە دیوارەكەوەیە..).

ئێستاش نازانم بۆچی لەگەڵ دەركەوتنی چاوەكانی باوكمدا، لە پەلوپۆ دەكەوتمو بێهێز دەبووم. هەر لەبەر ئەو چاوانەش بوو كە نەمدەتوانی بیكوژمو پیلانەكانم هەڵدەوەشانەوە. لە دواجارداو لە ژێر

سێبەری دارتووەکەدا، بڕیارم دا لەکاتێکدا کە باوکم لە پرخەی خەو دایە، بەو چەقۆ گەورەیەی کە تەنها بۆ قاشکردنی شووتی بەکاری دەهێنین، سەرەتا هەردوو چاوەکانی هەڵبکۆڵم، پاشان بە هەموو هێزی خۆم چەقۆکە لەسەر دڵی بچەقێنم.

دوای بیستنی هەواڵی مەرگی باوکم، گاڵتەم بە هەموو ئەو پیلانانە دەهات کە پێشتر بیرم لێیان کردبووەوەو بە گلەییەوە بە خۆمم دەگوت: (هەرگیز لێدان ئەوە ناهێنێ مرۆڤ باوکی خۆیی لەسەر بکوژێ.. باشە چ منداڵێك هەیە لەم شارە لێدانی نەخواردبێ بە دەستی باوکی؟! کێ دەڵێ باوکەکان لەسەر هەق نین؟!).

هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵەکەدا، دوو دڵۆپ فرمێسکی ئاگرین بەری چاوەکانمیان داگیرکردو روانینمیان لێڵ کرد.

فرمێسکەکان هێندە گەرم بوون، ئەگەر بە زوویی هەڵم نەوەراندنایە، دڵنیام هەردوو چاومیان دەتواندەوەو وەکو نایلۆن بەسەر روومەتەکانمدا دەهاتنە خوارێ، دووریش نەبوو پشتەسەرمیان بتەقاندایەو وەکو (کانی) لەوێوە هەڵبقوڵێنایە.

لەو کاتەدا هەستم بە بێهێزیی قاچەکانم‌و قورسیی لەشم دەکرد، بۆیە هەموو هێزی جەستەمم لە قاچەکانمدا کۆکردەوە، بەو هیوایەی بە یارمەتیی دارتووەکە بتوانم هەستمە سەرپێ‌و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوم. هەرگیز خۆمم هێندە بە لاوازی نەدیبوو. هەستم دەکرد پێویستم بە گۆچانێکی وەکو گۆچانەکەی باپیرم هەیە، کە گەلێکجار

بۆ لێدانی ئێمەش بەکاری دەهێنـا. (ڕەنگـە باپیریـشم لـە دوای مردنـی باوکییەوە پێویستی بە گۆچان بووبێت!..). ئەمە ئەو خەیاڵـە بـوو کـە بـۆ مـاوەی چـەند سـاتێك بیرکردنـەوەمی داگیرکـردو کـەمێکیش لـە ڕۆیشتن دوای خستم، بەڵام باشبوو زوو بەئاگا هاتمەوەو بەرەو ماڵـەوە بەڕێکەوتم.

لە ڕێگا بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوەو خۆم بە بێکەس دەبـینی. نـازانم بـۆ مردنی باوکم دەگریام، یان بۆ بێکەسیی خـۆم!. بـە منـداڵییش کـە دەمبیـست کەسـێك بـاوکی مـردووە، لـە خۆمـەوە بـەزەییم پێیـدا دەهاتـەوە. منـداڵێکی دراوسێمان دوای ئەوەی باوکی مرد، هەموو جارێك من بانگم دەکرد بۆ ئـەوەی یاریمان لەگەڵدا بکات و بەردەوامیش دەمکرد بە شەریکی خۆم لـە یاریکردنـدا، هەرچەنـدە پێشتر بۆی نەبوو هەر نزیکیشمان بکەوێتەوە!.

پێدەچێت بەهۆی کتـوپڕیی هەواڵەکـەوە بووبێـت، کـە تـا ئێـستاش چـەند بیری لێ دەکەمەوە، نازانم ئەو کەسە کێ بوو بە پەلە هاتو پێی گوتم: (باوکت مرد..). بێگومان هەر بەهۆی کتوپڕیی هەواڵەکەوە بـوو کـە نەمپرسـی: (مـرد یان کوژرا؟ ئەگەر مردووە بە چی مردووە؟! ئەگەر کوژراویشە، کێ کوشتی؟!).

لە خۆمەوە بڕوام نەکرد کوژرابێ، بەڵام گوتم دوور نییە لـە سـەربان کەوتبێتـە خـوارەوەو مردبـێ!.. دەمگـوت ڕەنگـە دیـسان بـرا بـچکۆلەکەم سەرکێـشیی کردبـێ، باوکیـشم دوای کـەوتووە بـۆ سـەربان، بـەڵام ئـەمجارەیان بـەر لـەوەی دەسـتی بیگـاتێ، قاچـی لـە شـتێك گیربـووەو بەسـەردا کەوتووەتـە خـوارێو مێـشکی تـەقیوە. براکـەم فێـرە، هـەموو

جارێـك كـه بـاوكم دوای دەكـەوێ، هەڵـدێت بـۆ سـەربان‌و باوكیـشم بەدوایـدا، تـا دەگاتـە شـوێنی بنبەسـت، ئیـدی براكـەم جگـە لـە خۆبەدەسـتەوەدان هیـچی دیكـەی لەدەسـت نایـەت، لـە سووچـێكی سەربانەكە خۆی گرمۆڵە دەكات، تا باوكم دەگاتە سەری‌و بە شەق‌و زللە دایدەگرێتـەوە. پێدەچـێت بـرا بـچكۆلەكەم لـە منـەوە فێـری هـەڵاتن بووبێت بۆ سەربان، منـیش هـەموو جارێـك لـە ترسـی شـەق‌و زللـەكانی باوكم، راستەوخۆ و بە غاردان بەرەو سەربان ملـم دەنـا. تـا ئـەو جارەی لەسـەر قالدرمـەكان ویـستم بـە شـەقاوێك چـەند پلەیـەكی قالدرمـەكان ببڕم، بەڵام ئێـسقانی قاچـی راسـتم بـەر لێـواری یـەكێك لـە قالدرمـەكان كەوت‌و خوێن بە قاچمدا هاتە خوارێ. ئیدی نەمتوانی تاكە هـەنگاوێكی تر قاچم هەڵبێنمەوە. لـەجێی خـۆم دانیـشتم‌و دەسـتم كـرد بـە گریـان. هەر ئەوەندەم زانی باوكم گەیشتە سەرسەرم. لەگەڵ گەیـشتنی باوكمـدا، دەلینگـی شـەرواڵەكەمم هـەڵكردو برینەكـەم پێـشانی بـاوكم دا، بـەو هیوایـەی بـەزەیی پێمـدا بێتـەوەو بـە پەرۆیـەك تونـد برینەكـەم بـۆ ببەستێ، بەڵام نەك برینەكەی بۆ نەبەستم، بەڵكو لە جارانیش زیـاتری تێهەڵـدام. ئەگەرچـی دایكـم چـەند شـەوێك هـەویری لـە قاچـە برینداره‌كـەم بەسـت، كـە لـە دوای لێدانەكـە ئاوسـابوو، بـەڵام چـەند هەفتەیـەك لـە دوای ئـەوەش هـەر بـە شەلەشـەل دەرۆیـشتم‌و شـوێنی برینەكە تا ماوەیەكی زۆر وەكو نینۆكە گەورەكـەی قاچـی راسـتی بـاوكم مۆر بووبووەوە. ئیدی لەو كاتەوە لـە ترسـی شـەق‌و زللـەكانی بـاوكم بـۆ

سەربان هەڵنایەم. ئـەدی کـێ ناڵێـت ئـەم بەیانییـە کاتێـك کـە دوای مـن کەوتبوو بۆ ئەوەی لێم بدات، لەبـەر دەرگـای مـاڵی خۆمـان نەکـەوتووەو سەری بەر پارچە ئاسنێك یـان بـەردێکی گـەورە نەکـەوتووەو مـردووە؟!

خـۆ مـن دوای ئـەوەی تەزبیحەکـەیم پـچڕاندو هـەڵاتم، هـەتا ژێـر دارتووەکە ئاوڕم لە دوای خۆم نەدایەوە.

هێـشتا چـەند هـەنگاوێکم مـابوو بگەمـە کـۆڵانی خۆمـان، قـەرەباڵغیی بەردەرگای ماڵی خۆمانم دەهاتە بەرچاو. دەرگایەکی رەشی سێ تاکی، هـەر سێی تاکەکەی لەسـەر پـشتن، حەوشـەیەکی گـەورە.. پـڕ لـە ژنـی چـاو بـە فرمێـسك، تـەرمی پیاوێـك لـە ناوەڕاسـتی ژنەکانـە. ژنێـك لـە نزیـك سەرییەوە دانیشتووەو لە هـەموویان زیـاتر دەگـری‌و قـایمتر هـاوار دەکـات، بە هەردوو چەپۆکی دەکێشێ بە سەری خۆیداو سەرو پرچـی دەڕنێتـەوە. زۆرترین شەق‌و زللەی پیاوە مردووەکە بەر ئەو ژنە کەوتووە!.

لە دڵی خۆمدا دوعام دەکردو لە خوا دەپاڕامەوە: (خودایە.. تـا مـن دەگەمـە ماڵـەوە، ئـەو تەرمـە هـەر لـە جێـی خـۆی بێـت‌و جـارێ نەنێژرابێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوەو بە باشی بۆ یەکەمجار رووخـساری باوکم ببینم. خودایـە.. ئـەو کاتـەی دەگەمـە لای تەرمەکـە، چاوەکانی باوکم کراوە بن، بۆ ئـەوەی بـە تـەواوی بـزانم ئـەو چـاوانە چ رەنگێـك بـوون، هەرچـەندە دڵنیاشـم لەگـەڵ بینـینی چـاوەکانیدا، دەلینگـی پانتۆڵەکەم تەڕ دەبـێ‌و لەبـەر چاوی هـەموو ژنـانی گەڕەکـدا ئـابڕووم دەچێ..!).

ئینجا دەمگوت: (هەر ئەوەندەی گەیشتمە سەر تەرمەکەی باوکم، تا وەڕس دەبم دەستەکانی ماچ دەکەم.. ئەو دەستانەی تەنها بۆ ئازادان بەر لەشم دەکەوتن!..). دووبارە دەستم دەکردەوە بە دوعاکردن: (خودایە گیان تەنها جارێکی دی هێز ببەخشەرەوە بە دەستی راستی باوکم، بۆ ئەوەی بە هەموو هێزی زللەیەك لە لا روومەتی چەپم بداتو لە گەڕانەوەدا بە پشتی دەستی لا روومەتی راستیشم سوور سوور بکاتەوە.. دوای ئەوە بشمرم باکم نییە!..) پاشان لە خۆمەوە پەشیمان دەبوومەوەو دەمگوت: (نەخێر.. دەبێ لە پێشدا قاچی راستی ماچ بکەم، چونکە ئەو کاتەی باوکی منداڵەکەی دراوسێمان مردبوو، منو منداڵە باوك مردووەکەی دراوسێمانو چەند منداڵێکی تری گەڕەك، لە پەنا دیواری ماڵی خۆمان دانیشتبووین، گۆرانیمان دەگوتو بە تەنەکەیەکی قوپاو تەپڵمان لێ دەدا. هەر ئەوەندەم زانی باوکم بە پەلە لە ماڵی مردووەکەوە دەرپەڕیو بەرەو لای ئێمە هات، کە گەیشتە بەردەمی من، قاچی راستی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بە هەموو هێزی شەقێك لە ناودەمم هەڵدات، بەڵام من خۆمم خوارکردەوەو نەمهێشت شەقەکەم بەرکەوێت. قاچی باوکم بەر دیوارەکە کەوت و ئازارێکی زۆری پێ گەیشت، پاشان نینۆکە گەورەکەی قاچی مۆر بووەوە. بۆیە دەبێ یەکەمجار قاچی راستی ماچ بکەم!..).

کاتێك گەیشتمە سەرسووچی کۆڵانەکەی خۆمان، بە پەلە سەیری بەردەرگای ماڵی خۆمانم کرد، بەڵام نە قەرەباڵغیی بەردەرگام بینیو

نــه گۆڕانكارييەكيــشم لــه گەڕەكــدا بــەدی كــرد. زۆر ترســام بــەر لــه گەیشتنی من، تەرمی باوكم برابێ بۆ گۆڕستان. هەنگاوەكانم گەورەترو خێراتر كردن، هەستم دەكرد ئەو تۆزە ڕێگایەم گەلێك به زەحمـەت و درەنگ لـێ دەڕوات. كـه گەیـشتمه بـەردەرگا ڕەشـەكەی حەوشـه، وەكـو جـاران تــەنها یــەك تـاكی لەســەر پــشت بــوو. بــه پەلــه خــۆم كــرد بــه ماڵەوەدا. دایكم له حەوشەو له نزیك پێڵاوەكانی باوكمەوه دانیشتبوو، خەریكی هۆنینەوەی تەزبیحه پچڕاوەكەی باوكم بوو. بێ ئەوەی هـیچ قسەیەكی لەگەڵدا بكەم، خێرا خۆم كرد به ژوورەكەی باوكمدا. بـاوكم به بێدەنگی لەسەر كورسییەك دانیشتبوو. هەر كه چاوم به چاوەكانی كەوت، وەكو بەرد له جێی خۆم ڕەق بووم، نەمتوانی تاكـه هـەنگاوێكی تر لێی نزیك ببمەوەو جارێكی دی دەلینگی پانتۆڵەكەم تەڕبوو!.

# بەرەو ماڵێك لە ئاو

لە نیوەی ڕێگا بیرم کەوتەوە کە لێی بپرسم بەرەو کوێ دەچین؟!
ئاخر ئەو ئەوەندە بە کتوپڕی خۆی کرد بە ژوورەکەمدا، هەموو شتێکی لە بیرم بردەوە.

بێ ئەوەی گوێم لە تەپەی پێی بێت، بە کپیو بێدەنگی، وەك بێدەنگیی هاتنی بەفر بۆ حەوشەکەمان، دەرگاکەی کردەوەو بەرامبەرم راوەستا. ئەو دەیگوت: بەفریش لە (ئاو)ەوە فێری بێدەنگی بووە. کاتێکیش لێم پرسی: (بۆچی بەبێ ڕەزامەندیو لەدەرگادان خۆت کردووە بە ژوورەکەمدا؟). ئەو لەخۆباییانە گوتی: (ئاو رقی لە دەرگایە.. کاتی ئەم قسانە نییە، هەستە بابڕۆین!).

پاشان گوتی: (نامەوێ لەوە زیاتر بە وەستاوی بمێنمەوە.. ئاو رقی لە وەستانیشە. درەنگە، لەوێوە بەتایبەتی لە دوای تۆ هاتووم).

وەك چۆن نەمدەزانی لە کوێوە لە دوام هـاتووە، بەهـەمان شـێوەش نەمـدەزانی بۆچـی لـە دوام هـاتووە. ئەوەنـدەی پەلـە پـەل لـێ کـردم، ماوەی نەدا تەنانەت لێی بپرسم: بەرەو کوێ؟!

خێرا دەستی چەپی خستە نـاو دەسـتی راسـتمەوەو بـەدوای خۆیـدا پەلکێـشی کـردم. هاتنــە کتوپڕەکــەی ئــەو و گەڕانەوەکــەی چــەندە سەرسامیان کردبووم، لەوە زیاتر بە نەرمیی ئەو دەستە سەرسام بووم، کە لە ناو دەستی راستمدا بوو!.

ئەو دەسـتە، نـە لـە دەسـتە زبـرو رەقـەکانی بـاوکم دەچوو، نـە لـە دەستە تووکنەکانی خۆیشم، هەروەها لـە دەسـتە تـووڕەو بـەزەبرەکانی سـەردەمی منـداڵیی خۆیـشی نەدەچـوو، کـە لـە کـاتی تووڕەبوونـدا لا روومەتی ئێمەی سڕ دەکـرد، بـەڵکو زیـاتر لـەو دەسـتە بـێ ئێـسکانەی پیاوە نوورانییـەکانی نـاو حیکایەتـە ئەفسانەییانەکان دەچـوو، کـە لـە دەمی داپیرەوە بیستبوومن.

هەرچـەندە نەمـدەزانی ئـەو دەسـتە بـەرەو کـوێ پەلکێـشم دەکات، کەچــی نەرمییەکــەی جگــە لــەوەی جــۆرە ئاســوودەییو چــێژێکی دەروونیی پێ دەبەخشیم، هەروەها ئەو کاتانەی سەردەمی منداڵیـشمی دەخستەوە بیرم، کە لە دواوە توند توند فەقیانەی کراسـەکەی دایکمـم دەگرت، بۆ ئەوەی لێی ون نەبم‌و لۆژە لۆژ دوای دەکـەوتم. رەنگـە هـەر بـەهۆی ئـەو چـێژو یادەوەرییانەشـەوە بووبێـت، کـە نەمدەویـست یـان حەزم نەدەکرد زوو بگەین.

به درێژایی ئەو ڕێگەیە، من تەنها گوێم گرتبوو و هاوڕێکەم قسەی دەکرد، هەموو قسەکانیشی باسکردنی (ئاو) بوو. سروشتی ئاو.. زمانی ئاو.. دڵی ئاو.. دۆستانو دوژمنانی ئاو.. ئەوەندە بە عەشقەوە قسەکانی دەکرد، دەتگوت لە خەوێکی خۆش دایەو نایەوێت هەرگیز بەئاگا بێتەوە. ئەو دەیگوت: (گرنگترین شت ئەوەیە فێری زمانی ئاو ببین. کە لە زمانیمان زانی، ئەوجا شارەزای سروشتیشی دەبین، دوای ئەوەش بە سانایی دەتوانین تێکەڵاوی ببینو هاوڕێیەتیی بکەین. ئاو هاوڕێیەکی ڕاستگۆیە، تا لەگەڵیدا ڕاستگۆ بین، ئەو ڕاستگۆیانەتر دێتە پێشێ. هەر ئەوەندەی توانیمان لەگەڵ ئاوی بچووکدا هەڵبکەین، دواتر دەتوانین لە ئاوە گەورەکانیش نزیك ببینەوەو هاوڕێیەتیی ئەوانیش بکەین. دۆستایەتیی ڕاستەقینە لەگەڵ (کانی) دەمانگەیێنێ بە دۆستایەتی لەگەڵ دەریاو زەریاکان..). هاوڕێکەم دەیگوت: (ئەگەر هەر لە سەرەتاوە وشکانی نەبوایە، بە دڵنیاییەوە مردنیش نەدەبوو!. نەهەنگەکان زۆر باش لەوە گەیشتوون، بۆیە کاتێك بیر لە مردن دەکەنەوە، یان دەیانەوێت بمرن، ڕوو لە وشکانی دەکەن، چونکە دڵنیان دەستکەوتنی مردن لەنێو ئاودا، هەروا ئاسانو لەخۆڕا نییە..!).
دەمزانی ماوەیەکی زۆرمان بە پێ بڕیوەو زۆر لە شار دوور کەوتووینەتەوە، هەروەها دەمزانی لەمێژە هاوڕێکەم باسی (ئاو)م بۆ دەکات، کەچی سات لە دوای سات باشتر گوێم بۆی شل دەکردو زیاتر چێژم لە قسەکانی وەردەگرت. ئەگەر بەهۆی ماندووبوونی

قاچەکانمەوە نەبوایە هەرگیز نەمدەویست قسەکانی پێ ببڕم، بەڵام هیلاکیی قاچەکانم ناچاریان کردم لێی بپرسم: (ئێمە بۆ کوێ دەچین؟.. زۆرمان ماوە؟!.). ئەو بێباکانە گوتی: (زۆرمان نەماوە، هەر ئەوەندەی گەیشتینو ماڵە تازەکەمت بینی، راستەوخۆ هەموو ماندووبوونو ناڕەحەتییەکت لەبیر دەچێتەوە..).

جارێکی تر دەستی کردەوە بە وەسفکردنەوەی ئاو: (دوای بینینی ماڵە تازەکەم، بۆت ئاشکرا دەبێ کە ئاو چەند دەستو دڵی فراوانە. جگە لەوەی بۆ دروستکردنی دیوارو دەرگاو پەنجەرەکانی ماڵەکەم بەشێك لە جەستەی خۆی دامێ، هەروەها بە هاوکاریو یارمەتیدانی ئەویش نەبوایە، بێگومان هەرگیز نەدەبووم بە خاوەنی ماڵ!..).

بەدەست خۆم نەبوون بەخیلیم بە هاوڕێکەم دەبرد، ئەو لە یەکەم هەنگاوەوە کە لە ماڵەوە هاتینە دەرێ، بەهەمان شێوەو نەفەس رێی دەبڕی، دەتگوت ئاوە.. نەیدەزانی راوەستانو ماندووبوون چییە!، بەڵام زۆر بێزاربوو لەو قسانەی کە لە دوای ونبوونو دیارنەمانییەوە کرابوونو دەکران. خەڵکی باسیان لە خنکانی ئەو دەکردو دەیانگوت.. لە تاو عەشقی خۆی کەوتووەتە نێو ئاوەوەو خنکاوە. ئەوان دەیانگوت: (ئەوەندە عاشقو سەرسام بووە بە خۆی، بەردەوام لە قەراغ ئاوەکە لە رووخساری خۆی وردبووەتەوەو لە خۆی راماوە، تا لە دواجاردا ئاگای لە خۆی نەماوەو کەوتووەتە نێو ئاوەکەوەو خنکاوە..). بە درێژایی چەند

هەفتەیەك دوای ونبوونی، جگە لەو پیاوانەی کە رۆژانـە دەچوونە نزیـك ئاوەکـەو چـاوەڕێی سـەرئاوکەوتنەوەی تەرمەکـەی ئـەویان دەکـرد، دایکیـشی بـە گریانــەوە لەسـەر چـۆك لـە قـەراغ ئاوەکـە دادەنیـشت، هـەردوو مـەمکی بەرامبـەر ئاوەکـە دەردەهێنـاو لێـی دەپاڕایـەوە، کـە هـەر نـەبێ لەبـەر خـاتری شـیری ئـەو مەمکانـە بەزەییـەکی پێـدا بێتـەوەو ئەگـەر بـە زینـدوویش نـەبێت، بـە مردوویی کوڕەکەی بداتەوە..!.

هاوڕێکەم دەیگوت: (هـەموو ئـەو قسانەی کـە لـە بـارەی منـەوە کراون درۆن.. ئەوان وا دەزانن من بەبێ ئاگایی یان لە تاو عەشقی خۆم کەوتوومەتە نێو ئاوەکەوە. ئاگاداری ئەوە نین کە من عاشقی سروشـتو رەفتـارو جـوانیی ئـاو بـووم. ئـەوان نـازانن چـەند سـاڵ هەوڵم دا تا فێری زمانی ئاو بووم، دوای ئەوەش داوای هاوڕێیەتیم لێی کرد. ئاو دڵی زۆر گەورەو پاکە، هەرگیز دڵی نایـەت داواکاریی بەرامبەرەکەی بشکێنێ. پاشان بڕیارم دا نەگەڕێمـەوە بـۆ وشـکانی. جگە لەوەندەی کە لە دوای تۆ هاتووم، هەرگیز حەزم نەکردووە بۆ چرکەیەکیش لێی دوور بکەومەوە..).

تا گەیـشتینە قـەراغ رووبارەکـەی خـوارووی شـاریش، هاوڕێکـەم بــەردەوام قــسەی دەکــردو بــچووکترین مــاوەی نــەدەدا چــەند پرسیارێکی لێ بکەم لەبارەی (گەورەیی‌و بچووکی.. بەرزی‌و نزمی.. جۆری نەخشەو شێوەی دەرگاو پەنجەرەکانی) ماڵە تازەکەیەوە.

(نازانم تاكەی ئەم خەڵكە ئاو ناناسن؟ تاكەی نازانن كە ئاو نەك ئازاری مرۆڤ نادات، بەڵكو دڵی نایەت ئازاری ئەو شووشە شكاوانەش بدات، كە زۆرجار لەسەر دڵی دەچەقن. تەنانەت بەردەكانی نێو ئاویش فێربوون ئازاری مرۆڤ نەدەن.. ئاخر ئەوان نزیكترین هاوڕێی ئاون. بەردەكانی نێو ئاو دڵیان زۆر نەرمە.. ئەوان جیاوازن لەو بەردانەی كە بە منداڵی پەنجەرەی ماڵەكان یان سەری یەكتریمان پێیان دەشكاند..).

ناچاربووم.. هەردەبوو قسەكانی پێ ببڕم. ئاخر ئەوەندە لە رووبارەكە نزیك بووبووینەوە، هێندەی نەمابوو پێڵاوەكانمان بەتەواوی تەڕببن: (چۆن بپەڕینەوە.. لەم نزیكانە پردی لێیە..؟!) لەجێی خۆم راوەستام‌و وام بە هاوڕێكەم گوت. ئەو بە پێكەنینەوە گوتی: (پردی چی‌و پەڕینەوەی چی؟!. پێویستیمان بەمانە نییە، كاری ئێمە لەنێو ئاوەكە دایە!).

هەر ئەوەندەی گوێم لەو قسەیەی هاوڕێكەم بوو، بە پەلە دەستی راستمم لەنێو دەستی چەپیدا دەرهێناو چەند هەنگاوێك لە قەراغی رووبارەكە دووركەوتمەوە. ئەوجا زانیم كە سەرجەم ئەو قسانەو هەموو هەوڵێكی بۆ ئەوە بووە كە بۆچوونی من بگۆڕێ بەرامبەر بە (ئاو)، بەڵام هەموو هەوڵەكانی بێسوود بوون. ئەو هێشتا نەیتوانیبوو بچووكترین كار لە من بكات كە لە ئاو دوور نەكەومەوە: (بەڵام من لە چوونە نێو ئاو دەترسم) بە ترسەوە وام بە هاوڕێكەم وت. بە

تووڕەبوونەکەیدا زانیم کە هەرگیز چاوەڕێی ئـەو قـسەیەی نـەدەکرد. تووڕەبوونەکەی زیاتر لە توندوتیژیی ئەو لافاوانە دەچـوو، کـە لەگـەڵ خۆیاندا هەموو شتێك رادەماڵن، بەڵام هەوڵی دەدا هێمنتر خۆی نیشان بداتو تووڕەبوونەکەی بشارێتەوە.

ئەو باش ئاگاداری ئەوە بـوو، کـە لـە سـەردەمی منداڵیماندا ئەگـەر بەلەمەوانــەکان نەبوونایــە، هــەرگیز رزگــارم نــەدەبوو و لەمێــژبوو خنکابووم. بۆیە بە پەلە گوتی: (مەترسـە.. ئـەمجارە منـت لەگەڵدام.. مــن بــاش لــە زمــانی ئــاو دەزانم.. دڵنیابــە رێگــە نــادەم بــچووکترین مەترسـیت بـۆ دروسـت بێـت)، پاشـان گـوتی: (ناتــەوێ ماڵـە تازەکـەم ببینی؟!).

بـا.. دەمویـست ماڵـە تازەکـەی هاوڕێکـەم ببیـنم، بـەڵام دەترسـام ئەمجارەش ئاوەکـە راپێـچم بکاتو تەنانـەت بەلەمەوانـەکانیش فریـام نەکەون.

هێواش هێواش بەرەو قووڵایی رووبارەکە ملم نـا، تـا هـەموو گیـانم نوقمی ئاوەکە بـوو. کاتێـك چـاوم کـردەوە، نـە هاوڕێکـەم دیـاربوو، نـە ماڵـە تازەکـەی. بەلەمـەوانێك بەرامبـەرم راوەسـتابوو: (بـاش بـوو زوو فریات کەوتم، هێندەی نەمابوو بخنکێیت!..). بـە پێکەنینـەوە وای پـێ گوتم.

# دوا خەونی ئیسماعیل

الله اكبر.. الله اكبر.. الله اكبر

لااله الا الله

الله اكبر.. الله اكبر.. الله اكبر

ولله الحمد..

لەگـەڵ زیـادبوونو بڵنـدتربوونی دەنگـی مینبـەری مزگەوتەکانـدا، ئـــەو لـــەنێو جێگاکەیـــدا باشـــتر خـــۆی گرمۆڵـــە دەکـــردو تونـــدتر بەتانییەکـەی لەخۆیـەوە دەپێـچا. بـەجۆرێك زۆرجـار گومانـت دەکـرد لەوەی کەسێك هەبێت لەنێو ئەو جێگایەدا.

هــەردوو بەرەدەســتی تونــد بەیەکــەوە نووســاندبوونو لــەنێوانی رانەکانیدا حەشاری دابوون، پاژنەی هەردوو قاچەکانیشی نووساندبوو بـە سمتییـەوە. بێبـاك لـە ئـازاری پـشتی، سـەری تـا نزیکـی ئـەژنۆکانی

شۆڕكردبووەوە، بەڕادەیەك هەرزوو دەگەیشتیتە ئەو ئەنجامەی، كە ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ لەوە زیاتر خۆی بچوك بكاتەوە، بەڵام ئەو هێشتا قەبارەی لەشی خۆیی زۆر پێ گەورەتر بوو لە قەبارەی لەشی هەموو كەسەكانی تر، لەهەمانكاتدا ترسنۆكتریش لە هەر هەموویان. پێی وابوو هێشتا هێندەی كێویێكە لە ژێر بەتانییەكەداو لە دووری دوورەوە بەدی دەكرێ، بەڵام كێویێك لە پەڕۆكۆن.. كێویێك لە سوتووی جگەرە، كێویێكی زەلیل لەبەردەم هێدیترین (كزەبا)دا، بۆیە بەردەوامو زیاتر هەوڵی خۆبچووكردنەوەی دەدا، چونكە دەیویست ئەو دوا شتی ماڵەكەبێت كە باوكی دوای گەڕانەوەی دەیبینێ.. یاخود هەر نەیبینێ. باوكی لە دەروازەی مزگەوتەكە هاتە دەرێ، هەردوو دەستی خستبووە پشتەوەو بە پەنجەكانی دەستی راستی یاریی بە تەزبیحە سەدو یەك دەنكییەكەی دەكرد، سەری بۆ بەردەمی شۆڕكردبووەوەو هێواش هێواش بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە، دەمی دەجوڵاندو لەبەر خۆیەوە شتێكی دەگوت، بەڵام دەنگی ئەو شت گوتنو دەم جوڵاندنە زۆر لەوە لاوازتر بوو، كە گوێچكەكانی خۆیشی بیبیستن!.

بەجۆرێك چاوی لەبەر پێی خۆی بڕیبوو، واتدەزانی جگە لەو رێیەی كە نیازیەتی هەنگاوەكانی بەسەردا بنێ هیچی تر نابینێ، لەكاتێكدا بە سیلەی چاو زۆر بە وردی دیقەتی لەو خوێنەی دەدا، كە لە درزی ژێر دەرگای حەوشەی ماڵەكانەوە دەڕژایە كۆڵانەكەوەو دواتریش هەر هەمووی تێكەڵاوی یەكتری دەبوو. دەیزانی كامەیان خوێنی گامێشەو

کامەیان خوێنی بزنە.. دەیزانی کام ماڵەیان گای کردووە بە قوربانیو قوربانیی کامە ماڵەش بەرانە. بۆ ئەوەی جلەکانی خوێناوی نەبن، یان لە نوێژ نەچێ، جارجارێك بازێکی بچوکی دەدا بەسەر ئەو جۆگەلە خوێنانەی، کە دەهاتنە سەر ڕێگاکەی.

ئەو لەنێو جێگاکەیدا وەك جەستەیەکی بێڕۆح جوڵەی لە خۆی بڕیبوو. هێشتا دەنگی مینبەرەکان لە گوێچکەیدا دەزرنگایەوەو بەردەوام یادەوەرییەکانیان دەهێنایەوە بەرچاوی، ئەو یادەوەرییە تاڵو ترسناکانەی وەك دەرزییەکی تیژی ژەنگاوی لە مێشکی منداڵیی دەچەقینو هەموو بیرکردنەوەی ئەویان داگیرکردبوو. دەنگی مینبەرەکان ئازارێکی دەروونییان دەبەخشییە جەستەی منداڵیی و وایدەزانی شیشی داخکراونو لە کونی گوێچکەیەوە دەچزێن بە مۆخییەوە.

ڕێك قوربانی پاربوو، دەنگی مینبەرەکانی گوێچکەی هەر هەموو گەڕەکیان پڕکردبوو لە هاوار، ئەو لە سەربان یاریی دەکرد، پێدەکەنیو رایدەکرد، ئەگەرچی دەنگی مینبەرەکان زاڵترین دەنگی گەڕەك بوون، بەڵام (ئەو) هاوارو بارەی گا و بەرانەکانیشی دەبیست، هەستی بە جۆرێك لە پاڕانەوە دەکرد لە دەنگیاندا. گوێی بە نوزەو پاڕانەوەکانیان نەدەدا.. پێدەکەنیو رایدەکرد، جارجارێکیش تەپەی کەرتکردنی ئێسقانو وەشاندنی کێردی دەستی قەسابەکانی دەبیست، دیسان پێدەکەنیو رایدەکرد. لە گەرمەی پێکەنینو راکردندا بوو،

هـەر بەرێکـەوت سـەیرێکی کۆڵانەکـەی کـردو سـەرنجێکی خێـرای دا، سەرنجێك زۆر بە پەلە لە دونیای یـاریکردنو پێکەنینـەوە فڕێـی دایـە نێو سامناکترین کونجی ترسو تاریکترین چاڵی تۆقاندنەوە. سـەرنجێك لە چەند ساتێکی کەمدا ئەوی لە کەسێکی پڕ جووڵەو بزۆزەوە کرد بە داهۆڵێکی لە پووش دروستکراو یان مرۆڤێکی بە بەردبوو.

(ئـەو) پـڕ بـە دڵـی منـداڵیی ئـاواتی بـوو وەکـو هاوڕێکـانی بتوانـێ لینگـەفرتێی ئـەو مریـشکانە ببینـێ، کـە دوای سـەربڕین هەڵبــەزو دابەزیان دەکردو خۆیان بە دارو دیـواردا دەداو منداڵـەکانیان دەخـستە تریقانـەوە، بـەڵام فیـچقەی خـوێنی ملـە بڕاوەکـە بـەردەوام ڕێگربـووە لەبەردەم ئاواتەکەی، یان حەزی دەکرد هەموو جارێـك وەکـو خوشـكو براکانی بەرامبەر باوکی دانیشێ لەو کاتانـەدا کـە ریـشی دەتاشـی، بـەو هیوایەی باوکی فڵچەیەکی کەفاوی بە ڕوومەتی ئەویـشدا بێنـێ، بـەڵام خوێنی ئەو چەند زیبکەیـەی کـە بـە ڕوومـەتی باوکییـەوە بـوونو بـە دەمی گوێزانەکە دەتەقین، دیسان ڕێگر بوو لەبەردەم ئەو حەزەشیدا!.

ئـــەو- کـــە بینـــی خـــوێن بـــەردەوام ڕێگربووبێـــت لەبـــەردەم ئارەزووەکانیدا، هەر باشبوو لەگەڵ بینینی چـەقی کۆڵانەکەیانـدا لـە سـەربانەوە بەرنـەبووەوە بـۆ نـاو ئـەو لافـاوی خوێنـەی، کـە بـە کۆڵانەکەیانـداو بـە بـەردەرگای حەوشـەکەیاندا هـەموو شـتێکی رادەمـاڵی، خـوێنی ئـەو ئاژەڵانـەی کـە چـەند سـاتێك پێـشتر نـوزەو پاڕانـەوەیان تێکـەڵاوی دەنگـی مینبـەرەکان بووبـوو. دوای بینینـی

دیمەنەکە، سەرەتا وەك لقەدارێکی نیوە شکاو لـەجێی خـۆی چـەقیو نەیزانی چی بکاو بە چ لایەکدا بڕوات. لە شوێنی خۆیو بە چەقیوی وەك کەروێـــشکێکی تۆقیـــو هەڵدەلـــەرزی، پاشـــان بـــەرەو دەرگـــای هەورەبانەکـەو قالدرمـەکان رای کـرد، هێـشتا نەگەیـشتبووە سـەر قالدرمەکان، چەند جارێك بە گریانـەوە هـاواری دایکـی کـرد. پەلـەی بوو زووتر بگاتە ئامێزیو دەیویـست بـە هـەنگاوێك چـەند پلەیـەکی قالدرمەکان ببڕێ، دواترو بە گەیـشتنە لای دایکـی تـا هێـزی تێـدابوو باوەشـی بـە رانەکانیـدا کـردو بـە هەنـسكو گریانـەوە گـوتی: (دایـە گیان.. خوێن گەڕەکەکەمانی برد..!). دوای گوتنی ئـەو رستـەیەو بـە درێـژایی ئـەو رۆژە جگـە لـە هەنـسك دان، تاکـە وشـەیەکی تـر لـە دەمییـەوە نەهاتـە دەرێ، وەك چـۆن ئاگـاداری تاکـە وشـەیەکی ئـەو قسانە نەبوو، کە دایکی بۆ دڵنەوایی ئەو دەیکردن..! دواتریشو دوای ئەوەی گەڕەك لە خوێن پاککرایەوەو ئاسەواری دڵۆپە خوێنێکی پێوە نەما، ئەو هەر هەنسکی دەداو هیـچی نـەدەگوت. سـەرەتا وایزانـی بـۆ یەکجاری زمانی لە گۆ کەوتووەو گومانی هـەبوو جـارێکی تـر توانـای گـوتنی تاکـە وشـەیەکی هـەبێت. (خودایـە.. ئـەمجارەش بەهانامـەوە هاتی..!) ئەو رستەیە بـوو، کـە یەکـەمین شـەو دوای بینینـی دیمەنـە ترسناکەکەو لەنێو جێگای خەوتندا لەبەر خۆیەوە گوتیو گومانی لە گۆ کەوتنی زمانی لەلا رەواندەوە. ئـاخر ئـەوە یەکـەمین جار نـەبوو خودا فریـای بکـەوێتو بەهانایـەوە بێـت، چـەند سـاڵێك پێـشتریشو

هەر لە هەمان بۆنەدا، دوای کپبوونەوەی دەنگی مینبـەرەکان، بـاوکی لـە دەروازەی مزگەوتەکـە هاتـە دەرێ، هـەردوو دەسـتی خـستبووە پشتەوەو بە پەنجەکانی دەستی راستی یاریی بە تەزبیحە سەدو یەك دەنکییەکـەی دەکـرد، سـەری بـۆ بـەردەمی شـۆڕکردبووەوەو هێـواش هێواش بەرەو ماڵـەوە دەگەڕایـەوە. لەبـەر خۆیـەوە شـتێکی دەگـوتو دەمـی دەجوڵانـد، بـەڵام دەنگـی ئـەو شـت گـوتنو دەم جوڵاندنـە زۆر لەوە لاوازتر بوو گوێچکەکانی خۆیشی بیبیستن.!. بە جۆرێـك چـاوی لەبەر پێی خۆی بڕیبوو، واتـدەزانی جگـە لـەو رێیـەی کـە نیازیـەتی هەنگاوەکانی بەسەردا بنێ هیـچی تـر نابینـێ، لەکاتێکدا بـە سـیلەی چاو زۆر بە وردی دیقەتی لەو خوێنە دەدا کە لە درزی ژێـر دەرگـای حەوشەی ماڵەکانەوە دەڕژایە کۆڵانەکـەوەو دواتـریش هـەر هـەمووی تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. بۆ ئەوەی جلەکانی خوێناوی نەبن، یـان لـە نوێـژ نەچـێ، جارجارێـك بـازێکی بـچوکی دەدا بەسـەر ئـەو جۆگەلـە خوێنانـەدا، کە دەهاتنە سەر رێگاکەی.

ئەوەی زیاتر باوکی ناچار کرد ئەو بڕیارە ترسـناکە بـدات، بینینـی خوێن بوو لە بەردەمی یەك بە یـەکی ماڵـەکانی گەڕەکەکەیانـدا، جگـە لـە مـاڵی خۆیـان. شـەپۆلی خـوێنی بـەردەرگای هەنـدێك مـاڵ هێنـدە بــەخوڕ بــوو، لــە ترســی ســووربوونی هەتاهــەتایی حەوشــەکەیان ناچـاربوون هــەر لــە ســەرەتاوە بــە ســەتڵی گــەورە گــەورە ئـاو لــە حەوزەکەی حەوشە هەڵێنجنو بە پەلە بیکەن بەسەر خوێنەکەدا.

(ئـەو) لـە سـەربان یـاریی دەكـرد، رایـدەكردو پێدەكـەنی. بـە گەیشتنەوەی بۆماڵەوە باوكی بانگی كردو ناردی لە ماڵی دراوسێكەیان ئەو چەقۆ گەورەیە بێنێ، كە پێش تۆزێك گامێشێكی زەبەلەحیان پێی پارچە پارچە كردبوو.

لەو سەردەمەدا (ئەو) لە خوێن نەدەترسا، كەچی نەشی دەویست یەك دڵۆپە خوێن بەر جەستەی بكەوێ. بە ڕاكردنو ئاگاییەوە لە خوێناوی نەبوون چوو بۆ هێنانی چەقۆكە، نەشی دەزانی باوكی چ كاری بەو چەقۆیە هەیە..! یان بیركردنەوەی لەوە چكۆلەو ساویلكە تر بوو، لە خۆی بپرسێ: (خودایە.. باوكم ئەو چەقۆ ترسناكەی بۆ چییە..؟!). زۆر بە وردی لە چەقۆكەی دەڕوانی و دەیویست شوێنێكی بگرێت، كە دەستی خوێناوی نەكات، بەڵام نەك تەنها دەمە تیژەكەی، بەڵكو دەسكەكەشی یەكپارچە سووربووبوو بە خوێنی گامێشە زەبەلاحەكە. دواتر بە پەڕۆیەكی پیس دەسكی چەقۆ خوێناوییەكەی گرتو بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. ڕێك بەپێچەوانەی ئەوەوە، باوكی بە پەلە تەزبیحە سەدو یەك دەنكییەكەی دەستی راستی خستە گیرفانی شەڕواڵەكەیەوەو بەهەمان دەست پەلاماری چەقۆكەی دا، بێباك لە خوێناوی بوونی دەستی، توند دەسكی چەقۆكەی لەنێو مشتیدا گوشی. هەرچەندە دەبوو لەو ساتەدا هەڵبێتو دووركەوێتەوە لەو دیمەنە سامناكەی باوكی، بەڵام دیسان سەرنجو نیگاكانی لەوە چكۆلەو ساویلكە تر بوون، كە ئەو رووخسارە بخوێننەوە، یان بە پەلە ئاگاداری بكەنەوە تا زووە هەڵبێت.. گرنگ نییە بۆ كوێ..! گرنگ ئەوەیە رزگاری بێت لەو چنگە تۆقێنەرانەی، كە بەنیازن وەك گامێشە

زەبەلاحەکە یان وەك گوێرەکەیەکی تازەبوو پارچە پارچەی بکەنو خوێنەکەی تێکەڵی خوێنی ئاژەڵەکانی تر بکەن.

(خودایە.. (ئەو) بۆچی وا بەبێدەنگیو بێ جووڵە بەرامبەر باوکی وەستاوەو زەقزەق تەماشای دەکاتو ناچێتەوە بۆ شوێنی یاریکردنو راکردنەکەی..؟!) ئەوا باوکی بەرەو رووی هاتو وەك شێرێکی برسی یان گورگێکی هار لەبەر پێی خۆیداو رووەو قیبلە پاڵی خست، بە هەموو هێزی قاچی راستی لەسەر قاچە بچوکەکانی داناو بە قاچی چەپیشی توند دەستە ناسكو بێهێزەکانی گوشی. بە دەستی چەپی توند سەری ئەوی بە زەویی حەوشەکەوە جووتکردو چەقۆکەی دەستی راستیشی خستە سەر ملی. بێگومان بوو پاش چەند هەناسەیەکی تر چەقۆ بێڕەحمەکە کاری خۆی دەکاتو ئەو سەرە چکۆلەیە لەو لەشە بێهێزە جیا دەکاتەوە. هاوارو قیژەو گریانی (ئەو) لەو کاتەدا هێندەی نەمابوو جگە لە گوێچکەکانی باوکی، گوێچکەی هەموو خەڵکی شار کەڕ بکات، تا ئێستاش کەس نازانێت ئەو هەموو هاوارو قیژەیە لە تاو ئازاری دەستو قاچەکانی بوو، یاخود لە ترسی مەرگ و سەربڕین..!.

(خودایە.. چ زوو بەهانامەوە هاتی!..) ئەو رستەیە بوو، کە یەکەمین شەو دوای رزگاربوونی یان گەڕانەوەی لە مەرگو لەنێو جێگای خەوتندا لەبەر خۆیەوە گوتی. ئاخر خودا لە پێش هەمووانەوە فریای کەوتو بەهانایەوە هات، پێش دراوسێکانو دایکیشی. ئەو بەردەوام دەگریاو هاواری دەکرد، لەناکاو هەستی بە دوورکەوتنەوەی چەقۆ خوێناوییەکەی سەر ملیو سووکبوونی قورسایی سەر قاچو دەستەکانی کرد، بەڵام هێشتا دەگریاو هاواری دەکرد، کە چاویشی بە بەرانە پاڵکەوتووەکەی تەنیشتی

کەوت هەر دەگریاو هاواری دەکرد. بەرانەکە بە جۆرێك پاڵکەوتبوو و ملی لە چەقۆکە نزیك دەکردەوە، هەرزوو دەتزانی نیازیەتی ئازایانە بڵێ (لە جیاتی ئەو، من بکە بە قوربانی..). خودای میهرەبان، تۆ چ زوو فریا کەوتی ئەو بەرانە بنێریتە حەوشەکەمان، تا لەبری من بکرێتە قوربانی..؟!. خودایە ئەو بەرانە چەندە بێگوناه دیاربوو.. باوکم چەند بە دڵڕەقییەوە زاتی کرد سەری ببڕێو پارچە پارچەی بکاتو گۆشتەکەی ببەخشێتەوە...

بە ئێستاشەوە، ئەو بە باشی لە مانای ئەم رستانە تێناگات، کەچی بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیانڵێو دەیانڵێتەوە.

کە تەپەی پێی باوکی گەیشتەوە حەوشە، ئەو هێشتا بە گرمۆڵەیی لەنێو جێگەکەیدا بوو، دەیویست دوا شتی ماڵەکە بێت، کە باوکی دوای گەڕانەوە دەیبینێ، یاخود هەر نەیبینێ. بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی بچوكو بچوکتر بکاتەوەو هێشتا قەبارەی لەشی خۆیی زۆر پێ گەورەتره بوو لە قەبارەی لەشی هەموو کەسەکانی تر. ئەو کاتەی دوو دەستەکە هاتنو ویستیان بەتانییەکەی لێ بکەنەوە، ئەو هێشتا هەوڵی دەدا توندتر بیپێچێ لە خۆیەوە. لەگەڵ راکێشانی بەتانییەکەدا (ئەو) وەك کەروێشکێکی تۆقیو هەموو جەستەی کەوتە لەرزین، وایزانی باوکییەتیو ئەمجارەش بۆ هێنانی چەقۆ خوێناوییەکە دەینێرێتەوە بۆ ماڵی دراوسێکەیان، بەڵام باشبوو برا بچکۆلەکەی زۆر هاواری کرد: (جێم کەرەوە.. با منیش بێمە ژێر بەتانییەکەوە..!).

# بۆگەنی سەیرانگەکەی شار

له تاو بۆگەنی ئەو زیرابەی کە لە ناوەڕاستی شار دروستکرابوو، زۆری نەمابوو خەڵکەکە هەمووی بە جارێك سەری خۆیان هەڵگرن و شارەکە جێبێڵن. هەرچەندە کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بۆگەن راوی نابوون، بەڵام هێشتا شار ئەوەندەی خەڵك تێدا مابوو کە بتواندرێت پێی بگوترێت شار.

لەگەڵ بەرێکردنی هەر رۆژێکی تردا، خەڵکەکە زیاتر هەستیان بە بۆگەنبوونی شار دەکرد، لەگەڵ زۆربوونی بۆگەنەکەشدا ئەو کەسانەی کە سەری خۆیان هەڵدەگرت و هەڵدەهاتن، زیاترو زیاتر دەبوون. پێتان وا نەبێت ئەو کەسانەی کە مابوونەوە لە خۆشەویستییانەوە بووبێت بۆ شارەکەو دڵیان نەیەت جێی بێڵن، بەڵکو ئەوانیش دوو جۆر بوون، جۆرێکیان ئەو کەسانە بوون کە بێ دەسەڵات بوون و توانای رۆشتنیان

نەبوو و بە ناچاری مابوونەوە، جۆرەکەی تریشیان کەسانێك بوون هەوڵیان دەدا وردە وردە لەگەڵ بۆگەنەکەدا بگونجێنن‌و رابێن..!.

باوکم زۆر بە باشی ئاگاداری چۆنێتیی دروستکردنی ئەو زێرابە بوو.. ئەو دەیگوت: (کاربەدەستانی شار بەڵێنیان بە خەڵکی شار دا کە سەیرانگەیەکیان لەناو شاردا بۆ دروست بکەن، هەم بۆ رازاندنەوەو جوانکردنی سیمای شارەکەو هەم بۆ خزمەتکردنی خەڵکی شار، چونکە ئەو شوێنە ناوەڕاستی شاربوو، بۆیە بڕیار درا سەیرانگەکە لەو جێیە دروست بکرێت). باوکم دەیگوت: (هێندە بە زوویی دەست کرا بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، هەرگیز نەدەچووە ئەقڵی کەسەوە هێندە زوو تەواو ببێ!، بێگومان ئێمەی خەڵکی شار لە هەمووان زیاتر بە پەلە بووین‌و حەزمان دەکرد بە زووترین کات پرۆژەکە تەواو بێت‌و رۆژێك زووتر قەشەنگبوونی شارەکەمان ببینین. تەنانەت زۆربەمان ئامادەیی خۆمان دەربڕی کە بەبێ بەرامبەر بەشداری بکەین‌و کار بکەین لەو پرۆژەیەدا، تەنیا بۆ ئەوەی کارەکە چەند ساتێك زووتر تەواو بێت).

باوکم هێندە بە خەمبارییەوە ئەم قسانەی دەگێڕایەوە، زۆر بە سانایی دڵتەنگی بە ڕووخسارییەوە بەدی دەکرا. هەندێك جار چەند دڵۆپێك فرمێسك بەری قورگیان دەگرت‌و تەنگەنەفەسیان دەکرد، هێندەی نەدەما بیخنکێنن‌و بۆ ماوەیەك لە قسەکردنیان دەخستن، پاش کەمێك بێدەنگی ئینجا دەستی دەکردەوە بە تەواوکردنی

باسەکەی: (هەرچەندە هەر لە سەرەتاوە هیچ سیمایەکی سەیرانگەمان بــە پرۆژەکــەوە نــەدەبینی، بــەڵام دەمــانگوت رەنگــە نەخــشەی ئــەم ســەیرانگەیە لــە دەرەوەی وڵاتــەوە هێنرابێــتو ئێمــە نــازانین بــە چ شێوەیەك دروست دەکرێت!).

جار جار بـە پەڕۆکـەی دەسـتی فرمێـسکی چاوەکانی دەسـڕییەوەو پاشــان دەســتی دەکــردەوە بــە قــسە: (دوای تــەواوبوونی پرۆژەکــە کاربەدەســتان داوایــان لــە خــەڵکی شــار کــردن کــە دەبــێ لــە رۆژی کردنــەوەی ســەیرانگەکەدا هــەموویان ئامــادەبنو ئاهــەنگ بگێــڕین. هەرچــەندە ئــەو ئــارەزووەی کــە خەڵکەکــە لــە ســەرەتادا هــەیانبوو بەرامبــەر کارەکــە گــەلێك کــەم بووبــووەوە، بگــرە هــەر نەشــیان مــابوو، بــەڵام خەمیــشیان پێــی نــەدەخوارد، چــونکە پێیــان وابــوو تــەواوبوونی پرۆژەکــە بــەو شــێوەیەش هــیچ زیانێــك بــە ئــەوان ناگــەیێنێ.!. تــا هەفتەیــەکیش دوای تــەواوبوونی ئاهەنگەکــە هــیچ کەســێك باســی سەیرانگەکەی نەدەکردو وەکو شتێکی نەبوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکـرا، بەڵام دوای ئەوە ئیـدی باسـکردنی بـوو بـە بەشـێك لـە ژیـانی خـەڵكو کەوتە سەر زارانو بەردەوام لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا.. لە ماڵو بـازاڕو مزگەوتو هەموو جێگەیەکی تر، بـاس هـەر باسـی سـەیرانگەکە بـوو.. هەفتەیـەك دوای تـەواوبوونی سـەیرانگەکە خـەڵکی شـار هەسـتیان بـە بۆگەنێکی بێزارکەر کردو هەر هەموومانی کەڕو کـاس کـرد. هـەر ئـەو رۆژە چەندین کەس بەهۆی ئەو بۆگەنەوە گیانیان لەدەست دا یـان بـە

پەلە رەوانـەی نەخۆشـخانە کـران. سـەرەتا کـەسمان نەمانـدەزانی ئـەو بۆگەنە لـە کوێـوە دێـتو سەرچاوەکەی کوێیـە!. ئـەو شـوێنەی کـە بـە هیچ شێوەیەك بیرمـان بـۆی نەدەچـوو، سـەیرانگە تازەکـە بـوو. نـازانم چۆن ئاشکرا بوو کە ئەو بۆگەنـە لەو سەیرانگەیەوە دێـت کـە هەفتـەی پێشوو بە بۆنەی دروستکردنییەوە ئاهەنگمان گێڕا، هـەروەها ناشـزانم کەی ئاشکرا بوو و کێ ئاشکرای کرد، بەڵام بـاش دەزانم تـا سەرچاوەی بۆگەنەکە دۆزرایەوە گەلێك کەس بە بۆن کەوتنو مردن. کارەساتەکە لەوەدایـە دوای ئـەوەی سەرچـاوەی بۆگەنەکـەش دۆزرایـەوە، کـەسمان هـەوڵمان نـەدا یـان بیرمـان لـەوە نـەکردەوە کـە بـە زووتـرین کـات سـەیرانگەکە کـاول بکـەینو شـوێنەکەی کـوێر بکەینـەوە، بـەڵکو هـەر کەسـەو لـەلای خۆیـەوە هـەوڵی دەدا بـە زووتـرین کـات لێـی دوور بکەوێتـەوەو لێـی هەڵـدەهاتن، هەرچـەندە ئـەو کەسـانەی کـە لەبـەر بۆگەنەکە هەڵـدەهاتن گـەلێك زۆربـوون، بـەڵام بـەردەوام کەسـانێکیش هەبوون بە خۆشحاڵییەوە بـەرەو لای بۆگەنەکـە ملیـان دەنـا..!. نـازانم ئـەو کەسـانە چ ئارەزوویـەکیان لـە هەڵمـژینی ئـەو بۆگەنـە دەبـینی؟! تەنانـەت کەسـانی وا هـەبوون هێنـدە گـیرۆدەی بۆگەنەکـە بووبـوون، ئارەزووی بۆنکردنیان لە دوورەوە دانەدەمرکایـەوە، بـەڵکو بـەرەو ئـەو شوێنە دەچوون کە لە هەموو شوێنەکانی تـر زیاتـر بۆگەنی لێ دەهـات، ئــەو شــوێنەش زێرابــی ســەیرانگەکە بــوو، کــە ئێــستا ســەرتاپای سەیرانگەکەی داگیرکردووە.

هـەر بەوەندەشـەوە نەوەسـتان، بـەڵكو فێربووبـوون وردە وردە سـەری مەنهۆڵی زێرابەکەیان هەڵدەدایـەوەو خۆیـان فـڕێ دەدایـە نـاو زێرابەکـەوە!. زۆربەی ئەوانەی کە دەچوونە ناو زێرابەکەوە جارێکی دی نەدەبینرانـەوەو نەدەهاتنەوە دەرێ.. ئیدی کەس نەیدەزانی چییان بەسـەر دێ.!، بـەڵام جـار جار کەسانێکیان هەبوون کـە دەهاتنـەوە دەرێ، بـەڵام چۆن هاتنەوەیـەك؟! هێندە بە بۆگەنی دەهاتنەوە دەرێ، هیچ کەسێك زاتی نەدەکرد لێیان نزیـك بێتەوەو لەبارەی ناو زێرابەکەوە پرسیاریان لـێ بکـات.. نـەك هـەر ئەوەنـدە، بـــەڵکو وایـــان دەزانـــی چـــی بۆگـــەنی نـــاو زێرابەکەیـــە لەگـــەڵ خۆیانـــدا هێناویانەتە دەرێ، بۆیە لەگەڵ بینینیان بە پەلە لێیان هەڵدەهاتنو خۆیـان لێ دووردەخستنەوە.).

بەردەوام ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە نـاو زێرابەکـەوە دەگەڕانـەوە زیادیـان دەکـرد، هـەروەها دوای گەڕانەوەشـیان هـەروا بـە بێکـاری دانەدەنیـشتن، بـەڵکو بـەردەوام هـەوڵیان دەدا خـەڵکانی زیـاتر بـۆ نـاو زێرابەکـە رابکێـشنو هـەموو دەمێـك پڕوپاگەنـدەیان بـۆ زێرابەکـەو بۆگەنەکـەی دەکـردو بـە قـسەی بریقـەدار دەیانڕازانـدەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی زانییـان کـەس گوێیـان لـێ ناگرێـتو هـەموو دووردەکەونـەوە لێیان، ئیدی دەستیان کرد بە رفاندنی خەڵك بۆ نـاو زێرابەکـە. بـاوکم یەکێك بوو لەو کەسانەی کە هەر زوو بێسەروشوێن کراو رفێنرا.

ئێستا رۆژ بـە رۆژ ژمـارەی ئەنـدامانی نـاو زێرابەکـە لـە زیـادبوون دایـەو بـڕوا ناکـەم لـەم شـارەدا تاکـە خێزانێـك مابێـت کەسـێك یـان

زیاتریان نەبووبێت بە میوانی زێرابەکە.. ئیدی گرنگ نییە بەخۆشیی خۆیان بێت یان بە زۆر، گرنگ ئەوەیە هەتا کەسێك زیاتر بچێتە ناو زێرابەکەوە، شار بۆگەنتر دەبێت.

خەڵکی شار لە ترسی رفاندن چارەیەکی نوێیان دۆزییەوە، کە رێگەی هەڵاتن‌و جێهێشتنی شارە، بەڵام تا ئێستا ئەو کەسانەی کە توانیویانەو فریاکەوتوون شار جێبێڵن، ئەوا جێیان هێشتووەو رۆیشتوون، ئەو کەسانەش کە نەڕۆیشتوون‌و ماونەتەوە، تەنیا دوو رێگەیان لەبەردەم دایە.. یان دەبێت هەر هەموویان شاڵاوێکی یەکجاری بۆ بنبڕکردنی بۆگەنەکە بەرن‌و سەیرانگەو زێرابەکەی لە بناغەوە هەڵتەکێنن، یان ئەوانیش مەنهۆڵی زێرابەکە هەڵدەنەوەو یەك یەك خۆیان هەڵدەنە ناوی.

# گەڕانەوە بۆ خەونەکان

پێش ئەوەی گەڕەکەکە جێبێڵم، هەر بە یادی منداڵییەوە بەرەو ئەو دوکانە ملم نا، کە بە منداڵی وەکو زۆربەی هاوڕێکانم، هەموو رۆژێك خەرجیی رۆژانەمم دەخستە دەستی ئەو مامە پیرەیەوە، کە زۆربەی کات لەبەردەمی دوکانە بچکۆلەکەی‌و لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشت، کە هەر خۆی لە تەختە شکاو دروستی کردبوو.

هەموو جارێك مامە پیرەکە بە دەستی چەپی چەند دانەیەك (کورسی نەعنا)ی دەخستە دەستە چکۆلەکانمەوەو بە پێکەنینەوە دەستی راستی دەخستە ژێر چەناگەم، هێدی هێدی دەنوشتایەوەو دەمی لە سەرم نزیك دەکردەوە، پاشان بە هێواشی ناوچاوانمی ماچ دەکردو بەرەو ماڵەوە بەڕێی دەکردمەوە.

هەر کە گەیشتمە بەردەمی دوکانەکە، بە پەلە چاوم گێڕا، بەو هیوایەی جارێکی دی مامە پیرەکەو خەندە بەردەوامەکەی سەر لێوی ببینمەوە، بەڵام چەند چاوم گێڕاو سەیری ناو دوکانەکەو دەوروبەریم کرد، جگە لەو چەند کوڕە لاوەی کە لە سووچێکی دوکانەکەو لە چواردەوری مێزێك دانیشتبوونو خەریکی دۆمینەکردن بوون، جۆرە قەرەباڵغییەکیان لەو ناوە دروست کردبوو، کەسی دیکەم بەرچاو نەکەوت، ئەمە جگە لەوەی کە دوکانەکەو شمەکەکانی ناوی گۆڕانکارییەکی تەواویان بەسەردا هاتبوو، هەروەکو چۆن تەواوی گەڕەکەکەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو و هیچ شوێنێکی لەو گەڕەکە نەدەچوو، کە چەند ساڵێکی تەمەنی منداڵیمی لەنێو کۆڵانەکانیدا لوول دابوو. راستە، هەر لەو کاتەوەی کە ماڵمان لەو گەڕەکە باری کردبوو، بە ڕێبوارییش ڕێم نەکەوتبووەوە ئەو گەڕەکەو سەرم پێیدا نەکردبووەوە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتبوون، گەلێك لەوە زیاتر بوون کە من بیرم لێی کردبووەوە. هەرچەندە گۆڕانکارییەکان شێوازێکی نویٚو قەشەنگتریان بە گەڕەکەکە بەخشیبوو، کەچی من لە خۆمەوە بە بینینیان دڵگران بوومو هەستم بە وێرانبوونی گەڕەکەکە دەکرد، هەروەکو چۆن بە ڕووخساری منداڵەکانی گەڕەکەوە بێزاریو داڕوخاوییەکی تەواوم دەبینی.

لە رووخساری ئەو منداڵانەدا هەستم بە جۆرە پیرییەك دەکردو لە نێوان ژیانی منداڵیی خۆمانو ئەواندا جیاوازییەکی تەواوم

دەبـینی. ئێمـە بـەردەوام شـەرواڵو بلـووزێکی فـش یـان کورتمـان لەبەردا بوو، کە زۆر بە کەمی ڕێکدەکەوت ئەو پۆشاکانە بۆ خۆمان کڕابن، بەڵکو ئەوانە پۆشاکی برا گەورەکانمان بوون، لەبـەر ئـەوەی بۆ ئەوان زۆر کورت دەبوونەوە، دەبوون بە موڵکی ئێمە، هەر بۆیـە بە دەگمەن ڕێکدەکەوت پڕ بـە بـەرمان بـن، جگـە لـەوەش هـەرگیز نەدەبوو ئەو پۆشاکانەی کە دەمانپۆشین ڕەنگیان سپی بێت، بـەڵکو دەبوو ئەو ڕەنگانە بوونایە کە دایکم پێیانی دەگوت (چڵکهەڵگرن!)، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەلینگـی شـەرواڵەکەم بـەردەوام لـە قـوڕدا بـوو و سەردەسـتی بلووزەشـم هـەموو کاتێـك ڕەق بووبـوو بـە چـڵم. هەرچەندە هەموو جارێك دایکم بە دەرزییەکی سنجاق پەڕۆیـەکی دەبەست بە لاشانی ڕاستی بلووزەکەمـەوە، بـۆ ئـەوەی هـەر کاتێـك چڵمم هات، پێی بسڕم، بەڵام بوونی ئەو پەڕۆیە هەروەکو نەبوونی وابـوو، چـونکە بـەردەوام حـەزم دەکـرد چـڵمەکە بـە سەردەسـتی بلووزەکەم بسڕم، مەگەر ئەو کاتانەی چاوی دایکم لێوە دیار دەبوو، یان لەبیرم دەچوو بە قۆڵی بلووزەکەمی بـسڕم، ئـەوجا بـە پەڕۆکـە دەمسڕی.

ئەو منداڵانە هێندە خاوێنو پۆشتە بوون، بـە هـیچ شـێوەیەك پەڵەیــەکت بــە پۆشــاکەکانیانەوە نــەدەبینی، لەگــەڵ ئەوەشــدا هەڵسوکەوتیان لە هەڵسوکەتی پیرەپیاوێـك دەچـوو، کـە لـە کۆتـایی تەمەنیـدا لافـاو سـەرجەمی ڕەنـجو ماندووبوونـەکانی رامـاڵیبێ..

هێند بە خەمبارییەوە ڕێیان دەکردو یەکدییان دەدواند، پێدەچوو بارێکی ئەوەندە قورس بەسەر شانیانەوە بێ، ئێستا نا تۆزێکی دی لەژێریدا دەفلیقێنەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: (پێناچێ ئەمانە مانای یاریکردن بزانن!..). خۆ ئەگەر واشبێ ناهەقیان نییە، چونکە ئەو قیرتاوەی کۆڵانەکە، جگە لەوەی گەڕەکەکەی لە ڕەنگی ڕەشدا نوقم کردووە، خۆڵو دارو بەردی کۆڵانەکەشی داگیرکردووەو ناهێڵێ ئەوان بە ئارەزووی خۆیان لەو ناوەدا بگەوزنو خۆیان لەخۆڵ وەردەن. من بۆ خۆم جگە لەو کاتانەی سواری کەرە کلکبڕاوەکە دەبووم، ئێستاش کاتەکانی خۆڵەخۆڵوەردان بە خۆشترین کاتی تەمەنم دەزانمو بەردەوام خەون بە گەڕانەوەی ئەو کاتانەوە دەبینم!. هەرچەندە زۆرترین تێهەڵدانیشم لەسەری خواردووە.. ئەو کاتانەی کە بە سەرو گوێلاکی خۆڵاوییەوە دەچوومەوە ماڵێ، ئیدی هەر ئەوەندەم خۆش بوو کە دایکم بەو شێوەیە دەیبینیم، پێش هەر شتێك تاکە نەعلەکەی باوکمی دەگرت بە دەستییەوەو بە جنێودان بەرەو رووم دەهات. من پێش ئەوەی تاکە نەعلەکەم بەرکەوێ، دەستم دەگرت بە دەموچاومەوەو بە هەموو هێزی خۆم دەمزریکاندو دەگریام، بەو هیوایەی دایکم واز لە لێدانم بهێنێ، بەڵام ئەو گوێی بە زریکە زریکی من نەدەداو چەند تاکە نەعلێکی دەگەیاندە سمتو رانم، پاشان تەشتێك ئاوی دەکرد بە سەرو کەللەمداو قوڕاو بەئەملاو ئەولای روومەتمدا دەهاتە خوارێ، لە

دواییشدا شەرواڵەکەی لە پێم دادەکەندو سەیری شوێنی نەعلەکانی دەکـرد، لەبەرخۆیــەوە دەیگـوت: (واااااااای.. دەســتم بــشکێ، چــۆن سـوور بووەتــەوە.. کـوڕم چـەند جـارت پـێ دەڵـێم خـۆت لـە خـۆڵ وەرمەدە..). بەڵام من هەرگیز نە گوێم بـە ئامۆژگارییـەکانی دەداو نە باکیشم هەبوو لە تاکە نەعلەکانی.

خۆزگە بمتوانییایە بە پاچێك هـەر هـەموو قـیری ئـەو گەڕەکـە هەڵقەنمەوە، تا دەگاتەوە سەر خۆڵەکە، لە دواییشدا تا ماندوو دەبم خۆم لەنێو خۆڵەکەدا بگەوزێنم‌و بە هەموو ئاوی گەڕەکەکە خاوێن نەبمەوە.. ئیدی دوای ئەوە خوای دەکرد دایکم بە تاکە نەعل، نەك تەنیا سمت‌و رانم، بەڵکو هەر هەموو گیانمی شین‌و مۆر دەکردەوە!.

نـازانم بۆچـی هێنـدە حـەزم دەکـرد جـارێکی دی ئـەو خـانووە ببینمەوە کە تیایدا لەدایك بـووم‌و بـۆ یەکـەم جار لەوێـدا گریـام‌و سەدان جاری دیکەش هەر لەوێدا گریام!. دایکم دەیگوت: (تـۆ تـازە لەدایك بووبوویت‌و زیقە زیقت دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، کەچـی بـاپیرت بـە خـۆی‌و توورەکەیـەك چکلێتەوە، مـاڵ بـە مـاڵ دەگەڕاو لەخۆشییان شیرینیی دەبەخشییەوەو شوکری خوای دەکرد، چونکە کوڕمان بووبوو..).

نەمـدەزانی بــە چ شـێوەیەك خانووەکـەی خۆمـان بدۆزمــەوە، چـونکە جگـە لـەوەی زۆربـەی خانووەکـانی گـەڕەك تێکـدرابوون‌و جارێکی دی دروست کرابوونـەوە، ئـەوانی دیکـەش هـەر هـەموویان

گۆڕانکاریی تەواویان بەسەردا هاتبوو، یان چەند قاتێکی دیکەیان لەسەر دروست کرابوو، نەدەناسرانەوە. رەنگە خانووەکەی خۆشمان ئێستا چەند قاتێکی دیکەی لەسەر دروستکرابێ‌و زۆر بەرزکرابێتەوە، دەرگا تەختەکەی حەوشە گۆڕابێ بە دەرگایەکی سێ تاکیی گەورەی ئاسن‌و پەنجەرە بچکۆلەکانیشی هێندەی لا دیوارێك گەورە کرابن، بەڵام ئەمانە هیچیان گرنگ نین، بەڵکو ئەوەی بەلامەوە گرنگەو زۆریش دەمترسێنێ، باخچەکەیە.. دەترسم هەر هەموو گوڵەکان هەڵقەندرابێتن‌و چیمەنەکەش بە چیمەنتۆ داپۆشرابێ‌و باخچەکە کرابێ بە گەراجی ئۆتۆمبێل!.. تاکە شتێك کە دڵم پێی خۆشبوو بۆ دۆزینەوەی خانووەکەمان، ئەو عەموودی کارەبایە بوو، کە ماوەیەك بەرلەوەی گەڕەکەکە بەجێ بێڵێن، لەبەردەم خانووەکەی ئێمە چەقێنراو لە سەرجەم عەموودەکانی تری گەڕەك گەورەتر بوو، هەر بۆیە زۆربەی منداڵانی گەڕەك بۆ یاریکردن لە دەوری خڕ دەبووینەوەو زۆر جاریش پێیدا سەردەکەوتین.. تا ئەو جارەی یەکێك لە هاوڕێکانم لە سەری سەرەوە کەوتە خوارێ‌و مرد. ئەو هاوڕێیەم بەردەوام حەزی لە شوێنی بەرز دەکردو وەکو پشیلە لەسەر ئەو دیوار بۆ سەر ئەو دیوارو لەو سەربانەوە بۆ ئەو سەربان بازبازێنی دەکرد، جگە لەوەش لە هەمووومان زیاتر سواری پشتی ئەو کەرە کلکبڕاوە دەبوو، کە خاوەنەکەی جەژنان دەیهێنایە گەڕەك‌و پارەی پێ پەیدا دەکرد.

ئەو کەرە کلکبڕاوە جگە لە لاوازییەکەی، بەردەوام سەدان مێشیش بە دەوری ئەو برینانەوە ئاڵابوون، کە بە سەرو کەللەیەوە بوونو هێندەی تر نابوودیان کردبوو، کەچی لای ئێمە جگە لەوەی لە هەموو کەسێك خۆشەویستتر بوو، دیمەنیشی لە هەموو شتێك جوانتر بوو!.

تا ماوەیەکی زۆر ئەو بەردە تیژە لەبەرچاوم ون نەدەبوو، کە چەقیبووە سەری هاوڕێکەمو کونی کردبوو، هەر بۆیە گەلێك شەو لەسەر جێگای خەوتن لە دایکمم دەپرسی: (بۆچی ئەو عەموودانە لانابرێن؟!). دایکم دەیگوت: (ئاخر کوڕم، ئەگەر ئەو عەموودانە لابرێن، دوایی کارەبامان نابێ). من هەر زوو وەڵامیم دەدایەوەو دەمگوت: (ئینجا چییە.. با کارەمان نەبێ، ئەوە نییە باپیرم دەڵێ جاران کارەبا نەبووەو خەڵك شەوانە لەبەر چراو فانۆسدا دادەنیشتن. با ئێمەش لەبەر چراو فانۆس دانیشین..). دایکم چیدی تاقەتی گوێگرتنو وەڵامدانەوەی نەدەما، هەڵدەستا گڵۆپەکانی دەکوژاندەوەو دەیگوت: (درەنگە کوڕم بخەوە.. بەیانی خەبەرمان نابێتەوە!).

بەر لەوەی گەڕەکەکە بەجێ بێڵم، دوکانەکە ملم نا، بەو هیوایەی مامە پیرەکە ببینمەوە، هەر کە سەرم بە دوکانەکەدا کرد، یەکێك لەو گەنجانەی کە لە چواردەوری مێزی دۆمینەکە دانیشتبوو، بەرەو رووم هات: (ها.. کاکە، چیت دەوێ؟) بێ

راوەستان: (کورسی نەعنا!) وام وت. کوڕەکە بە پەلە دەستی راستی خستە پەنای گوێچکەی راستیو بە گاڵتەجاڕییەوە گوێچکەی لە دەمم نزیك کردەوەو پرسیی: (وتت چیییی؟!). هێشتا بە تەواوی وەڵامیم نەدابووەوە، کە بە هەموو هێزی قاقایەکی لێداو چەند جارێك بە لەپی دەستی کێشای بە ڕانیدا، قاچی بەرز دەکردەوەو لە زەوییەکەی دەکوتا!. پاشان رووی کردە هاوڕێکانی و بە هەموو هێزی هاواری کرد: (ئەم برادەرە داوای کورسی نەعنا دەکات!)، لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیەدا، دایانە قاقای پێکەنینو پوولی دۆمینەکە لە دەستیان کەوتەخوارێ.